پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱٤۰٤
سال ۱۱، شمارۀ ۱، پیاپی ۱۹

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2025
Vol. XI, No. 1, Series 19

# دالی بۆش و دەرکەوتەکانی لە گوتاردا:
## خوێندنەوەی لاکلائۆیی ڕۆمانی *کەوتنی ئاسمانەکان* بەرهەمی جەبار جەماڵ غەریب

تووەرەج خوسرەوی[1]
بەختیار سەجادی[2] (نووسەری بەرپرس)

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگرتن: ۱۹ی سەرماوەزی ۱۴۰۲، کاتی پەژێران: ۳ی گەلاوێژی ۱۴۰۳، لل. ۲۲۲-۱۹۳
DOI: 10.22034/jokl.2024.63395

**کورتە**

لێکدانەوەی دالی بۆش، کە چەمکێکی داهێنەرانەی لاکلائۆ و مووفێیە، ڕێگە و دەرفەتێکە بۆ خوێندنەوەی دەق و شیکاری و تێگەیشتنی بوارە قۆناغمەندەکانی گوتار و پاژە پێکهێنەرەکانی ئەم دەڤەرە. دالی بۆش، هاوشێوەی سەدان زاراوەی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی، ڕێنوێنی هزری توێژەرە بۆ دەرخستنی هێمانە و کەلێنەکانی ناخی دەق؛ هەروەها شێوەی ئاڵوگۆڕ و بەکارهێنانی وشە و پێگەکەی لە هەرێمی بازنەی واتایی و مەعریفیدا پیشان دەدا. لەم توێژینەوەیەدا، ڕۆمانی *کەوتنی ئاسمانەکان*، بەرهەمی جەبار جەماڵ غەریب، بەپێی ڕوانگەکانی لاکلائۆ و مووفێ تاوتوێ کراوە و دەست خراوەتە سەر ئەو دالە بۆشانەی لەم دەقەدا نوێندراونەتەوە. بۆ ئەم کارە، سەرەتا تیۆریی گوتار و چەمکە پسپۆڕانەکانی لاکلائۆ لێک دراونەتەوە و پاشان لە دەقی ڕۆمانەکەدا دیاری کراون. ئەنجامەکان دەریدەخا دالە بۆشەکان لە زمان و لە پێکهاتەی گوتاردا چ پێگەیەکیان هەیە، بە چ شێوەیەک جومگەبەندی دەکرێن و بەگشتی چۆن سەقام دەگرن. لە پاڵ ئەمەشدا، تیشک خراوەتە سەر ئەو خاڵە کە کەسایەتیی «ئاسۆ» لەم ڕۆمانەدا چۆن پێناسە کراوە، شوناسی خۆی چۆن دەستەبەر دەکا و لە ئاکامدا چۆن گوتاری زاڵ لە ڕێگەی دالی بۆشەوە قەڵشتەکان پڕ دەکاتەوە، هاوتەریبی پێکدەهێنێت و سنووری خۆی دەستنیشان دەکا. گوتاری ئایینی لە ڕێگەی دالی بۆشەوە، توانیویەتی بەو واتایەی خۆی مەبەستیەتی بۆشایی وشەکان پڕ بکاتەوە و کەسایەتییەکانی نێو دەقەکە، بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت و خواستی بێچارەسەری کۆمەڵگا، وەڵام بداتەوە.

***وشەگەلی سەرەکی:*** گوتار، دالی بۆش، سووژە، هێژێمۆنی، دژگەری، جومگەبەندی

**چکیده**

بررسی دال تهی، که یکی از مفاهیم نوآورانۀ لاکلائو و موفه است، راهی است برای خوانش متون و تحلیل حوزه‌های تفکیک شده گفتمان و عناصر سازندۀ آن. دال تهی، همچون صدها اصطلاح نظری و نقد ادبی، ابزاری است در دست پژوهشگر تا معناها و نشانه‌های پنهان در متن را کشف کند؛ همچنین نحوۀ تغییر و کاربرد واژه‌ها و جایگاه‌شان را در فضای معنایی و معرفتی نشان دهد. در این پژوهش، تلاش شده است رمان *سقوط آسمان‌ها*، اثر جبار جمال غریب بر اساس دیدگاه‌های لاکلائو و موفه تحلیل شود و به دال‌های تهی‌ای که در متن برجسته شده‌اند، پرداخته شود. برای این کار، ابتدا نظریۀ گفتمان و مفاهیم کلیدی لاکلائو بررسی و سپس در متن رمان شناسایی شده‌اند. نتیجۀ پژوهش نشان می‌دهد که دال‌های تهی در زبان و ساختار گفتمان چه جایگاهی دارند، چگونه مفصل‌بندی می‌شوند و به‌طور کلی چگونه تثبیت می‌یابند. همچنین، به بررسی این نکته پرداخته شده است که شخصیت «آسو» چگونه در این رمان معرفی شده، هویت خود را چگونه شکل می‌دهد و در نهایت چگونه گفتمان غالب از طریق دال تهی شکاف‌ها را پر کرده، هم‌ارزی ایجاد می‌کند و مرزهای خود را مشخص می‌کند. گفتمان دینی از طریق دال تهی توانسته است فضای خالی واژه‌ها را با معنای خاص خود پر کند و شخصیت‌های درون متن را به سوی خود جذب کند و به خواسته‌هایی که جامعه پاسخی برای آن‌ها نداشته است، پاسخ دهد.

***واژگان کلیدی:*** گفتمان، دال تهی، سوژه، هژمونی، تخاصم، مفصل‌بندی

[1]. خوێندکاری دوکتۆرای زمان و ئەدەبی فارسی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران touraj1398@gmail.com
[2]. پرۆفیسۆری هاوکار، بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران b.sajadi@uok.ac.ir

## ١- پێشەکی

ئێرنێستۆ لاکلائۆ[1] و شانتال مووفێ[2]، دوو بیرمەند و تیۆریداڕێژی هەڵکەوتەی هاوچەرخن کە هەوڵیان داوە بە کەڵکوەرگرتن لە بۆچوون و ڕوانگەکانی کەسانێک وەکوو سوسوور[3]، ئاڵتووسێر[4]، فووکۆ[5]، دێریدا[6] و لاکان[7] و هەروەها تێکهەڵکێشکردنی ئەو بۆچوونانە، تیۆرییەکەیان لە بواری گوتاردا دابڕێژن و چوارچێوەیەکی بۆ دەستنیشان بکەن. ئەوان چەندین چەمک و دەستەوشەیان داناوە و پێناسەی چەندین چەمکی پێش خۆیان، بەپێی تیۆرییەکەیان گۆڕاوە تا ڕێچکەی تایبەت و جیاوازی خۆیان دیاری بکەن و بەرو پێشەوەی بەرن.

پێش ئەوەی دالی بۆش[8] و قۆناغە یەک بەدوای یەکەکانی پێکهاتن و جێگیربوونی لە چوارچێوەی گوتاردا بخرێنە بەر باس و توێژینەوە، پێویستە گوتار و ئەو بەستێنەی تێیدا ئەم دالە بیچمبەندی دەکرێت، بەگشتی تاوتوێ بکرێت. ئەگەرچی گوتار لە لایەن تیۆریداڕێژانی ئەم بوارەوە پێناسەی زۆری بۆکراوە، بەڵام هەریەک لەمانە لە شوێنی خۆیدا دەتوانێت بۆ تاوتوێکردنی هەر جۆرە دەقێک بەسوود بێت و خوێندنەوەی جیاواز بە دەستەوە بدات. لەم توێژینەوەدا، سەرەڕای ئاماژە بە گوتار و پێناسە جیاجیاکانی لە لایەن تیۆریداڕێژانەوە، بۆچوونەکانی لاکلائۆ لەم بوارەدا و چەمکە پسپۆڕانەکانی لێک دراونەتەوە و بەپێی دەقەکە تاوتوێ کراون. هەروەها قامک خراوەتە سەر ئەو گوتارەی لاکلائۆ و مووفێ پێناسەی دەکەن و، سەرنج دراوە بەو دالانەی ئەوان لە بەرەوپێش بردنی تیۆرییەکەی خۆیاندا کەڵکیان لێوەرگرتووە.

بە مەبەستی تێگەیینی زۆرتر لە دالی بۆش و شێوەی پێکهێنانی لە گوتاردا، زاراوەگەلێکی دیکەی پێوەندیدار وەکوو سووژە، دژگەری، هێژێمۆنی، جومگەبەندی، هاوتەریبی و جیاوازی بەپێی بۆچوونەکانی لاکلائۆ و مووفێ لێکدراونەتەوە. گوتار و ئەو شێکارییەی لاکلائۆ و مووفێ لە سەری پیادەی دەکەن، زۆرتر بەرەو لای تیۆریداڕشتندا دەڕوات و کەمتر ئاوڕ لە شیکردنەوە دەدەنەوە. ئەوان تیۆرییەکەی خۆیان بە هەڵوەشاندنەوەی تیۆرییەکانی دیکە ڕێک دەخەن. بە واتایەکی تر «بە تێهەڵکێشکردن و تێکەڵکردن و چاککردنەوەی دوو نەریتی سەرەکی، واتە مارکسیزم و پێکهاتەییخوازی، پەرەیان بە تیۆرییەکەیان دا» (یورگنسن و فیلیپس، ١٣٨٩: ٥٤).

1. Ernesto Laclau
2. Chantal Mouffe
3. Sausser
4. Althusser
5. Foucault
6. Derrida
7. Lacan
8. Empty signifier

ڕۆمانی *کەوتنی ئاسمانەکان*، هەشتەمین ڕۆمانی جەبار جەماڵ غەریبـــــە و جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەیدا لە باری گێڕانەوە، گەلاڵەی چیرۆک، گێڕەر و شـــێوەی دارشــــتنی دەقدا هەیە. گەلاڵەی تۆکمە، گێڕانەوی بێلایەنانە، نواندنەوەی ڕووداو و کردەوە و بیرکردنەوەکـان، قـامـک خســــتنەســــەر چەنـدین مژاری جیـاجیـای بـاسنەکراو و تـابوو، کەسایەتیپەروەریی بەهێز، گۆڕانی کەسایەتیی کاراکتەرەکان و هەندێ مۆرکی بەپێزی دەقەکە، بەربڵاوییەکی دەوڵەمەند و فرەڕەهەندی بەم ڕۆمانە بەخشیوە. لەم ڕۆمانەدا نووسەر پەرژاوەتە سەر هەنـدێ مژاری دەگمەن و تـابوو و بە گرێـدانی گێڕانەوەمەنـدی ئەم بـابەتـانـە لە بـازنەیەکی گێڕانەوەییـدا هەوڵی داوە لە چوارچێوەی گوتـاری جیـاجیـادا، ئەو مژارانە بنوێنێتەوە. ڕۆمـانی *کەوتنی ئاسمانەکان*، سـەری لە زۆر ئاقار و دەقەری مرۆیی داوە؛ لە هەر بەشـێکدا، چیرۆکێکی بۆ ئەم مەبەســـتە ئافراندووە و پێوەندیی بینراو و نەبینراوی نێوان ئەم چیرۆکانە لە ئاکامدا ئەم دەقەی بەرهەم هێناوە. ئەم شـێوە تۆمارکردنەی ژیان، واتە نووسـین و گێڕانەوە، کە تێیدا ئەندێشـە، ڕەفتـار و لایەنە دەروونییە مرۆییەکان لە دۆخی جۆراوجۆردا، لە قەوارەی وشــــە، واتا و دەلالەتی نووســــراودا خۆی دەردەخات، یەکێ لەو بوار و دەرفەتانەیە مرۆڤ دەتوانێ تێیدا خۆی بنوێنێتەوە. «تۆمارکردن بە شێوەی جۆراجۆر تاکە ڕێکارە بۆ زیندووهێشتنەوەی ڕووداوگەلی مێژوویی لە زەین و کۆیادی مرۆڤەکاندا» (ئەحمەدزادە، ٢٠٢٢).

ئەدەبی شــــەڕ، کە لە دڵیدا ئەدەبی زیندان بەشــــێکی بەرچاوی ئەم ڕۆمانە پێکدەهێنێت، یەکێک لە قۆناغە ســـەرەکییەکانی ئەم دەقەیە کە زۆربەی کەسـایەتییەکان و پێشــهاتەکان، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لە ژێر کارتێکەریی ئەم بابەتەدان. لەم بەرهەمەدا شەڕ (شەڕی نێوان ئێران و عێراق)، دەورێکی ســـەرەکی و دەســـتنیشـــانکەری لە بەرەوپێش بردنی چیرۆکەکە و گەلاڵەی چیرۆکەکەدا هەیە و هەموو ڕووداوەکـان بە چەشــــنێـک بۆ ئەم بـابەتە دەگەڕێنەوە. «ڕۆمانی سـەرکەوتووی بواری شەڕ بە دەرخستن و شیکردنەوەی ورد و هەمەلایەنەی هەستەکانی مرۆڤ لەم کاتەدا، دەبێت بەو کەرەســــتە گرنگەی کە فایلی مرۆڤە شـــــەڕکەرەکان و ئەوانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەکانی شـــەڕ دەکاتەوە و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی دەبێتە تۆمارگەی ئاکارەکانی مرۆڤ دژی هاوڕەگەزەکانی خۆی» (هەمان، ٢٠٢٢).

لە پێوەندی لەگەڵ گوتاری شەڕدا، کە ئاکامی دژبەری و دووبەرەکیی نێوان دوو ڕوانگە، بیر یا خواســـتە، و کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو لایەنە ئەگەر ســـنوورەکان تێپەڕێنن، شـــەڕی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر ســــــەرنجی کۆمەڵگا و بەســــتێنی کۆمەڵایەتی لەم ڕۆمـانەدا بـدرێت، ئەم دووبەرەکییانە لە دیاردە جیاجیاکانی پێکهێنەری ئەم بەستێنە وە بەرچاو دەکەوێت؛ وەکوو دژایەتیی بابەتە ســـۆزدارانەکان لەگەڵ ڕێســـا باوەکانی کۆمەڵگا کە نەریتێکی دووروودرێژی لە پشـــتە،

لێکدژیی خواستی خەڵک لە بەرانبەر خواستی دەسەڵاتی فەرمی، ناتەبایی هەڵسوکەوتی خەڵک لەگەڵ گرووپە سەرەڕۆ ئایینییەکان.

**۲- پێشینە**

ڕۆمانی *کەوتنی ئاسمانەکان*، کە زۆر ڕەهەند و لایەنی تێدا نوێندراوەتەوە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، قامکی خستووەتە سەر چەندین مژاری گرنگ و بنەمایی کە لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت لە نووسراوە ئەدەبییەکانیشدا بە دەگمەن وە بەرچاو دەکەون. بۆ نووسینی ئەم وتارە، سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ کە پێوەندیی بەم ڕۆمانەوە بێت و ئەم مژارەی تاوتوێ کردبێت، وەکوو پێشینە لە بەردەستدا نەبووە؛ واتە وتارێک کە چەمکە تایبەتمەندەکان بە گوتار و هەروەها دالی بۆش و ئەو دالە جۆراوجۆرانەی لاکلائۆ پێناسەی کردووە، سەبارەت بەم ڕۆمانە و ڕۆمانێکی تری کوردی لە بەردەستدا نەبووە. زۆرتر لە سەرچاوە سەرەکییەکانی تیۆریدارێژەکان وەک کتێب و هەندێ وتاری تر بۆ ئاماژەدان کەڵک وەرگیراوە کە زۆرتر پەرژاونەتە سەر تیۆرییەکان.

چەندین نووسراوە لە ماڵپەڕەکاندا لە سەر ئەم ڕۆمانە بڵاو بوونەتەوە کە زۆرتر یا وەسفێکی سەرەتایییە یا کورتەیەک لە چیرۆکەکەیان هێناوەتەوە. یەکێک لەو نووسینانەی بە شێوەیەکی تیۆریک ئاوڕی لێ‌داوەتەوە، ئەگەرچی هەروا کە لە سەرناوی بابەتەکەدا دیارە نەپەرژاوەتە سەر مژارێکی تایبەت، «خوێندنەوەیەکی ناوەرۆکییانەی *کەوتنی ئاسمانەکان*»، نووسراوەی هاشم ئەحمەدزادە (۲۰۱٦)یە؛ لەم نووسینەدا، ئەحمەدزادە سەرەتا باسی لە گۆڕینی شێوازی نووسینی نووسەر لە چاو ڕۆمانەکانی پێشوودا کردووە و چەندین نموونەی هێناوەتەوە. بەڵام مەبەستی سەرەکیی ئەو، هەروا کە وترا، خوێندنەوەی ناوەرۆکییانەی بەرهەمەکەیە و بە سەر چەندین بەشدا دابەشی کردووە: ڕۆمان و شەڕ، تۆمارکردنی ئەدەبییانەی ڕووداوە مێژووییەکان، غەزەبی ئاسمانەکان، شەڕ و ژن و پیاو، ناوەندی *کەوتنی ئاسمانەکان*، و چێژ و حەزی جنسی.

خدر ڕەسوول ئەبابەکر (۲۰۲۲)، لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناوی *جەنگ و کاریگەرییەکانی لە سەر کۆمەڵگە*، بە کەڵک‌وەرگرتن لە میتۆدی شیکاریی ناوەرۆک، جەنگ و کاریگەرییەکانی لە سەر کۆمەڵگەی لە دوو ڕۆمانی *کەوتنی ئاسمانەکان* و *سەردەمی گریانی بەڵقیس*، بەرهەمی جەبار جەماڵ غەریبدا تاوتوێ کردووە. لەم توێژینەوەیەدا نووسەر بە سەرنجدان بە دەقەکان، کارییەگەرییەکانی جەنگ و دەرهاویشتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی بەپێی تەمەن و ڕەگەز بەتایبەت لە کۆمەڵگای کوردیدا دیاری کردووە و هەوڵی داوە بە بەستنەوەی ژانری ئەدەبی بە

واقیعی کۆمەڵایەتییەوە، دەست بخاتە سەر ئەو گرفتانە و، بەپێی ناوەرۆکی ڕۆمانەکان لێکیان دەداتەوە.

هەژار مەجید (٢٠٢٢)، لە ماڵپەڕی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشەدا، بۆ ناساندنی ئەم بەرهەمە باسی تایبەتمەندییەکانی نووسینی جەبار جەماڵ غەریب لە سەرجەم نووسینەکانی دەکات و دوای ئاماژە بە توانستی نووسەر لە ئافراندنی دیمەن و کاراکتەرەکاندا، شێوەی کەسایەتیپەروەری و هەڵبژاردنی کەسایەتییەکان شرۆڤە دەکات. لە فایلێکی دەنگی کە لە یوتیووبدا بڵاو بووەتەوە، کەسێک بە ناوی چیامان، لە ژێر ناوی «هەڵەکانی جەبار جەماڵ غەریب لە کەوتنی ئاسمانەکان (لە دیدی خوێنەرێك)»دا، وێڕای ئاماژە بە ناتەبایی پێشینە و تێگەیشتنی کەسایەتییەکان لە پێکهاتەی گەلاڵەی چیرۆکەکە، باس لە کەموکورتییەکانی داڕشتنی کەسایەتییەکان لە باری لۆژیکییەوە دەکات و سەرنجی خوێنەر بۆ لایەنگریی نووسەر لە هەندێ کەسایەتییەکان بۆ نموونە فوئاد ڕادەکێشێت.

ئەحمەدیڕاد و سەجادی (١٣٩٣)، لە وتاری «خوێندنەوەی لاکلائۆیی لە ئێدی دەڕوات بۆ شاری شیعر بەرهەمی ڕیچارد فۆرمەن»دا هەوڵیان داوە ئەم شانۆیە بەپێی ڕوانگەی لاکلائۆ تاوتوێ بکەن. دژگەری[1]، سووژە و دالی بۆش، کە لە بۆچوونە پاشمارکسیستییەکەی لاکلائۆدا سێ چەمکی سەرەکین، لەم شانۆیەدا بەپێی دیالۆگەکان و کردە و جووڵەکان لێکدراونەتەوە. ئینجا قامک خراوەتە سەر ئەو لایەن و تایبەتمەندییانەی دەقاودەق لەگەڵ چەمکەکانی سەرەوە یەک دەگرنەوە و ئەو پێناسەیەی لاکلائۆ لەم چەمکانە ئاراستەی کردووە، بە وردی لەم شانۆنامەیەدا تاوتوێ کراوە.

## ٣- بنەمای تیۆریک

### ٣-١- پێناسەی گوتار و بۆچوونە جیاجیاکان

بۆ ناسین و تێگەیشتنی زیاتر لە گوتار دەبێ قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە لە بەستێنی کۆمەڵایەتی، ڕەوتی مێژوویی و ئاڵوگۆڕی لە باری واتایی و شێوەی بەکارهێنانی لە بوارە جیاجیاکاندا شرۆڤە بکرێت. گوتار لە سەرەتادا بە واتای وتووێژ، قسەکردن و ئاخاوتن بووە؛ کاتێ ئەم وشەیە بە کار دەهات، بێجگە لەوە مەبەستێکی تری بە دواوە نەبوو و لە بازنەی ئەو وشانەدا واتای خۆی دیاری دەکرد. بەڵام دوابەدوای ئەوە، دەقەری واتایی ئەم وشەیە گۆڕدرا و بوو بەو چەمکەی کە ئێستا بە چەندین پێناسە لە تیۆرییە ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکاندا دەناسرێت و لە توێژینەوە جیاجیاکاندا وە بەرچاو دەکەوێت.

---

1. Antagonism

ئەم وشـــەیە لە زمـانی کوردیـدا دوو هـاوواتـای بۆ دانراوە: گوتـار و ویژمـان. لەم توێژینەوەدا هاوواتای یەکەم، واتە گوتار بە کار هێنراوە.

زاراوەی "شـیکاریی گوتار" بۆ یەکەم جار لە سـاڵی ۱۹۵۲دا لە وتارێکی زلیگ هەریس،[1] زمانناسـی بەناوبـانگی ئینگلیزی، بە کـار هـاتووە. هەریس لەم وتـارەدا ڕوانگەیەکی بیچمخوازانەی لە ڕسـتە بە دەسـتەوە داوە و شیکاریی گوتاری، تەنیا بە ڕوانینێکی بیچمخوازانە (پێکهاتەییخوازانە) بۆ ڕسـتە و دەق پێناسـە کردووە. پاش هەریس زۆرێک لە زمانناسـەکان شـیکاریی گوتاریان لە بەرانبەر شـیکاریی دەق داناوە. بە بڕوای ئەم کەسـانە، شـیکاریی گوتار بریتییە لە شـیکاریی پێکهاتەی زمانی ئاخاوتن ـوەکوو دیمانە، وتوویژ و وتاردان و شیکاریی دەق کە شیکاریی پێکهاتەی زمانی نووسین ـوەکوو وتار، ڕاپۆرت و هتدـ دەگرێتەوە. زۆری نەخایاند کە هەندێ لە زمانناسـان ئەم چەمکەیان لە واتایەکی جیاوازدا بە کار هێنا. ئەم تاقمە دواییە، لە سـەر ئەو بڕوایە بوون شـیکاریی گوتار زۆرتر دەپەرژێتە سـەر ئەرک یان پێکهاتەی ڕسـتە و دۆزینەوە و وەسـفکردنی پێوەندییەکانی نێوانیان. بە واتایەکی تر، شـیکاریی گوتار لای ئەم کەسانە بریتی بوو لە ناسینی پێوەندیی دوولایەنەی ڕستەکان و ڕوانین بۆ گشتی ئەو شتەی کە ئاکامی ئەم پێوەندییانەیە. بەپێی ئەم پێناسـەیە، لە شـیکاریی گوتاردا، بە پێچەوانەی شـیکارییە نەریتییە زمانناسـانەکان، ئیدی تەنیا پێوەندیمان لەگەڵ هێمانە ڕستەسـازانە و وشـەییە پێکهێنەرەکانی ڕسـتە وەکوو سـەرەکیترین بنەمای شـرۆڤەی واتا، واتە بەسـتێنی زمانی (Co-text) نییە بەڵکوو دەپەرژێنە سـەر بابەتێکی سـەرتر لەوە، واتە هۆکارەکانی دەرەوەی دەق؛ وەکوو بەسـتێنی هەلومرجی (Context of situation) فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و هتد (فرکلاف، ۱۳۷۹: ۸-۷).

باختین لە وتاری «گوتار لە ڕۆماندا» لە سەر پرسی فۆرمەکان یا چەشنە ئەدەبییەکان وەکوو نموونەکانی فۆرمی وتوویژتەوەرانە پێداگری دەکات؛ بەتایبەت لە سـەر لێکدژیی نێوان شـیعر و ڕۆمان ورد دەبێتەوە (Klages, 2011: 136). بیروبۆچوونی فووکۆ لە سەر گوتار، جیاوازە. ئەو لە بەرانبەر بۆچوونە مارکسیستییەکاندا کە پێناسە و واتای جیایان هەیە، ڕوانگەی خۆی لەم بوارەدا تیۆریزە دەکات و پێناسـەیەکی دیکەی بۆ دیاری دەکات. «گوتار، لە بەرهەمەکانی فووکۆدا وشـەی سـەرەکییە. ئەگەرچی لە ئەدەبی فەرانسـەدا گوتار زاراوەیەکی باو بووە و زۆر ئاماژەیان پێداوە، بەڵام گەیشتن لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە ئەمڕۆدا و پەرەسەندنی بێسنووری لە ئێستادا، قەرزداری هەوڵە هزرمەندەکانی فووکۆیە» (حاجلی، ۱۳۹٤: ٦٤).

دەکرێ شیکارییەکان بە دوو دەستە دابەش بکەین: شیکاریی دەق وەکوو بەرهەمێکی ئەدەبی و شـیکاریی دەق وەکوو بەرهەمێکی گوتارمەند. «ئەرکی ڕەخنەگری دەسـتەی یەکەم، کردنەوەی ڕەمزەکانی دەق و پیشـاندانی ئەو شـتەیە لە تێکەڵاویی فۆرمی هونەریی بەرهەم و واتاکەی بە دەسـت دەکەوێت [...] دەسـتەی دووەم، ئاکامی شـیکاریی بەرهەمی ئەدەبی وەکوو ڕووداوێکی

1. Zellig Harris

گوتارمەندە» (صـابرپور و غلامی‌نژاد، ١٣٨٨: ١٠٢-١٠١). فێرکلاف پەرژاوەتە سـەر شـیکاریی ڕەخنەیی گوتار و لە چوارچێوەیەکی شـیکارییانەدا بەمەبەسـتی توێژینەوە لە پێوەندییەکانی نێوان زمان، دەسـتەڵات و ئایدیۆلۆژیدا، لە بەرچاوی دەگرێت. ئەو وەها بۆ گوتار دەڕوانێت: «چۆنیەتیی بیچم‌گرتنی واتـا و پەیـامی یەکە زمـانییەکـان لە پێوەنـدی لەگەڵ هۆکارە ناوەکییەکانی زماندا» (فرکلاف، ١٣٧٩: ٨).

ماریان یۆرگێنسـێن و لویز فیلیپس، لە بەرهەمەکەیاندا بە ناوی *تیۆری و شـێوە لە شـیکاریی گوتاردا* سـەرنجی زۆریان بە بیروبۆچوونەکانی لاکلائۆ و مووفێ داوە و گوتاریان لە سـێ بواردا تاوتوێ کردووە: ١) تیۆریی گوتاری لاکلائۆ و شانتال مووفێ. ٢) شیکاریی گوتاری ڕەخنەیی. ٣) دەروونناسـییی گوتارمەند. لە ڕوانگەی ئەوانەوە «شـیکاریی گوتار بۆچوونێکی تاک نییە بەڵکوو کۆمەڵێک لە بۆچوونە نێوانبوارییەکانە کە دەکرێ لە توێژینەوە و خوێندنەوە جیاجیاکاندا بە مەبەسـتی کرۆکاش لە دەقەرە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریان بێنیت» (یورگنسـن و فیلیپس، ١٣٨٩: ١٧).

ئەوان شـێوەی کاری گوتاریان لەگەڵ نموونەی جۆراوجۆر و کەڵک‌وەرگرتن لەو تیۆرییانەی لەم بوارەدا پێشکەش کراون، خستە بەر توێژینەوە. «دەکرێ شیکاریی گوتار لە هەموو بوارێکی توێژینەوەدا بەکار ببرێت، بەڵام ناکرێ هەموو چوارچێوە تیۆریکەکان لە شـیکاریی گوتاردا بەکار ببرێت. خاڵی سـەرنجڕاکێش لێرەدایە کە ناکرێ شـیکاریی گوتار وەکوو شـێوەیەکی شـیکاریی دابڕاو لە بنەما تیۆریک و ڕێبازناسانەکان بەکار ببرێت. لە شیکاریی گوتاردا، تیۆری و شێوە پێکەوە گرێ دراون و توێژەر بۆ ئەوەی بتوانێت شیکاریی گوتار وەکوو شێوەی خوێندنەوەی ئەزموونمەند بەکار بێنێت، دەبێ پێش‌گریمانە بنەماییە فەلسەفییەکانی قەبووڵ بکات» (یورگنسن و فیلیپس، ١٣٨٩: ٢١).

برایان پاڵتریج، لە کتێبەکەیدا بە ناوی *پێشەکییەک بۆ شیکاریی گوتار*، چەمک و پێناسەکانی بە شێوەیەکی سادە و شیاوی فێربوون داڕشتووە؛ بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر ئاشـنای ئەم بوارە نین زۆر بەکەڵک دێت. بە بڕوای ئەو «شیکاریی گوتار لە سـەر زانیاریی زمانیی سـەرتر لە وشـە، پاراگراف، دەسـتەوشـە و ڕسـتە پێداگری دەکات کە بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی سـەرکەوتوو پێویسـتە. ئەم بۆچوونە، دەپەرژێتە سـەر ئولگووی زمانیی نێو دەقەکان و پێوەندیی نێوان زمان و بەستێنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی دەق» (پالتریج، ١٣٩٩: ١٥-١٤).

ئارتوور ئاسابێرگێر لە کتێبی *شیکاریی گوتاری کارێکەرانە*دا هەوڵی داوە ئەم چەمکە لە سەر ژیانی ئەمڕۆ و بابەتە جیاجیاکانی سـەردەمی ئێسـتا کە مرۆڤ پێوەندیی زۆری لەگەڵیاندا هەیە و بە چەشنێک ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە پێک‌دەهێنن، بەکار بهێنێت. ئەو هەوڵ دەدات بەپێی ئەوەی گوتـار بـابەتێکی نێوانبواری و زۆر بەربڵاوە، بە گرێدانی گوتـار لەگەڵ فەرهەنگی گشـتی،

ڕاگەیێنەرەکان و ژیانی ڕۆژانە، لە سەر ئەو پانتاییە نامۆیانەی کە تا ئێستا لە باری گوتارەوە تاوتوێ نەکراون، بکۆڵێتەوە. ئەو لە پێناسەی گوتاردا هەنگاوێک دەنێتە پێشەوە و زاراوەی شیکاریی ڕەخنەگرانە ـ فرەڕەهەندی[1] گوتار پێشکەش دەکات و لایەنێکی نوێ دەخاتە سەر شێوەی شیکاریی گوتار. بە ڕای ئەو «شیکاریی گوتار دەپەرژێتە سەر ئەم بابەتەی کە ئێمەی ئاخێوەر چۆن زمان بە کار دەهێنین و ئەمەی کە زمان چۆن ناسنامە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جیهانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێمە پێک دەهێنێت» (آسابرگر، ۱۳۹۸: ۲۰).

*شیکاریی گوتاری سیاسی*، کە هەڵگری کۆمەڵێک لە شیکاریی گوتار و هەروەها کەسانی شیکەرەوەی وتارە، لە ژێر چەتری گوتاری سیاسییەوە، چەندین بیرمەندی ئەو بوارەی لە دووتۆیی کتێبێکدا کۆ کردووەتەوە کە لەم بوارەدا جێگای سەرنجە. لەم کتێبەدا ئاماژە بە دە سەرچاوەی بڕواپێکراو لە بواری تیۆریی شیکاریی گوتاری سیاسی دەکات کە لە شوناسی بابەتی سیاسی دەکۆڵنەوە و بایەخ و قورسایی تایبەت بە خۆی هەیە. «شیکاریی گوتاری سیاسی، هاوشێوەی شیکاریی گوتار (ڕەخنەگرانە) لە ڕوانینێکی گشتیدا، کارێکی سەرتر لە ڕەنگدانەوە و نواندنەوەی پەتیی ڕووداوەکان ئەنجام دەدات کە لە جیهانی واقعدا ڕوو دەدەن. ئەم شیکارییە، ڕووداوەکان سەرلەنوێ دەخوێنێتەوە و شرۆڤەیان دەکات و ئەو تێگەیشتن و لێکدانەوە بەرهەمهاتووە بە ئاکام گەیشتووە، فرمووڵبەندی، بیچمبەندی و جومگەبەندی دەکات» (لاکلائو و دیگران، ۱۳۹۷: ۳۹).

سارا میلز[2]، لە پێناسەی گوتاردا زۆرتر سەرنجی بە ڕوانگە و بۆچوونەکانی میشێل فووکۆ داوە. بە ڕای فووکۆ، گوتار لە نیشانەکان پێک هاتووە بەڵام ئەرکیان لە بەکارهێنانی نیشانەکان زۆرترە و هەر ئەم تایبەتمەندییەیە کە تەنیا بە زمان، قسە و ئاخاوتە داناشکێتەوە. «یەکەم پێناسەی فووکۆ لە گوتار، گشتیترینی ئەو پێناسانەیە: قەڵەمڕەوی گشتیی هەموو دەربڕینەکان؛ واتە هەموو ئەو دەربڕین یا دەقانە کە واتادارن و لە جیهانی واقعدا شوێن دادەنێن، بە گوتار ئەژمار دەکرێن. ئەمە پێناسەیەکی گشتییە و بە گشتی فووکۆ لە بەرهەمە سەرەتاییەکانیدا کە باسی چەمکی گوتار لە ئاستێکی تیۆریکدا دەکات، بە کاری دەهێنێت. پێناسەی دووەمی فووکۆ لە گوتار: گرووپێکی جیاکاریهەڵگر لە دەربڕینەکان؛ پێناسەیەک کە فووکۆ کاتێ باسی پێکهاتە تایبەتەکانی نێو گوتار دەکات، زۆر کەڵکی لێ وەردەگرێت» (میلز، ۱۳۹۲: ۱۷). ستێفەنی تەیلۆر، لە کتێبێک بە ناوی *گوتار چییە؟*دا دابەشکارییەکی دیکە بە دەستەوە دەدات: «دەکرێ شیکاریی گوتار لە ڕوانینێکی گشتی، بە سەر دوو گرووپدا دەستەبەندی بکرێت: ئەو شیکاریی

1. Critical Multimodal discourse analysis
2. Sara Mills

گوتارەی لە ژێر کارتێکەریی میشێل فووکۆدایە و ئەو شیکاریی گوتارەی لە ژێر کارتێکەریی نەریتی زمانناسی لە ئەورووپا و وڵاتە ئینگلیزیزمانەکان، بەتایبەت ئۆسترالیا، ئینگلیز و ئامریکادایە. بۆچوونی فووکۆیی، زۆرتر دەپەرژێتە سەر چەمکە مەزنەکان وەکوو پراکتیس، دەستەڵات، گوتارەکان و زانیاری؛ لە کاتێکدا گوتار لە سەر بنەمای زمانناسی، زۆرتر لە سەر ئاستە وردەکانی دەق چڕ دەبێتەوە و لەوانەیە لە دەقەوە بەرەو پێکهاتیەکی مەزنتریش بجوولێتەوە» (تیلور، ۱۳۹۷: ۱۳).

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گوتار و هۆکاری ئەوەی کە پێناسەی زۆر لەخۆ دەگرێت، پانتایی بەربڵاوی ئەم بوارەیە کە دەڤەری جیاجیا لە بەر دەگرێت. هەریەک لەم شیکاریی گوتارانە ئەگەرچی بۆچوونێکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە بۆ گوتار دەڕوانێت، بەڵام هەموویان هاوتەریب لەگەڵ یەک، گەشە بەم دەڤەرە دەدەن و بابەتێکی پێ زیاد دەکەن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە گوتاری نێو دەقی ڕۆمانەکە لە ڕوانگەی لاکلائۆوە تاوتوێ بکرێت و ئەو چەمک و زاراوە تایبەتانەی لاکلائۆ لە تیۆرییەکەیدا کەڵکی لێوەرگرتوون، پێناسە بکرێن. واتە گوتاری زاڵی پێوەندیداری نێو دەقەکە و ڕەوتی پێکهاتنی بە دروستی دەستنیشان و بەپێی ئەو چەمکانەی کە باسی لێوە کرا، تاوتوێ بکرێت.

## ۲-۳- پێناسەی لاکلائۆ بۆ گوتار

لە ڕوانگەی لاکلائۆوە، گوتار و زۆربەی چەمکە پەیوەستەکان بەم زاراوەیە، پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەو بە چەشنێک بیرکردنەوەی خۆی، لە بۆچوونەکانی پێش خۆی بە ڕوانینی جیاواز جیا دەکاتەوە. بە ڕای ئەو، هەر گوتارێک هەوڵێکە بۆ زاڵبوون بەسەر دەڤەری گوتارمەنددا، بە مەبەستی ڕێگری کردن لە گەڕانی جیاوازییەکان، بۆ دروستکردنی یەک ناوەند. ئەو گرنگییەکی زۆر بە سیاسەت دەدات و پێناسەی خۆی لە سیاسەت وەها پێشکەش دەکات: سیاسەت بەڕێکخراو کردنی کۆمەڵگا بە ڕیزبەندییەکی تایبەتە، کە هەموو شێوە ئەگەرمەندەکانی تر بەلاوە دەنێت. «*شیکاریی گوتاری سیاسی*، توێژینەوەیەکی نێوانبواری و چەندبوارییە کە لە سەر ڕەهەندە زمانناسانە و گوتارمەندەکانی دەقی سیاسی و، سرووشتی سیاسیی پراکتیسی گوتارمەند چڕ دەبێتەوە. ئەم چەشنە توێژینەوە لە سەر ئەم بیروبۆچوونە ڕاوەستاوە کە شیکاریی گوتار ناتوانێت بە تەنیا و بەس لە چوارچێوی زمانناسانە و تیۆری و ڕێبازناسیی گوتارمەنددا کار بکات و دەبێ بەروە شێوەکان، چوارچێوەکان و ناوەرۆکی بوارەکانی تر بەرێ بکەوێت. هاوتەراز کردنی شیکاریی گوتاری سیاسی و شیکاریی گوتاری ڕەخنەگرانە ئەم وێنایە لە زەیندا دروست دەکات کە شیکاری و تاوتوێ کردن بەناچار دەبێ بە نیگایەکی ڕەخنەگرانەوە بێتە

ئەنجام» (لاکلائو و دیگران، ۱۳۹۷: ٤٠). لاکلائۆ و مووفێ لە چەمکی گوتاردا نەک تەنیا زمان، بەڵکوو هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبیننەوە. چونکوو بە ڕای ئەوان گوتارەکان مادین و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ملکەچی هەمان بنەواشـــەن کە زمان ملکەچیەتی. لاکلائۆ و مووفێ، هاوڕا لەگەڵ پێکهاتەییخوازیدا لە ســـەر ئەو ڕایەن یەک گوتار هەرگیز ناتوانێت خۆی وەها جێگیر بکات کە تاقە گوتارێک بێت بابەتی کۆمەڵایەتی پێکهاتەمەند دەکات. تیۆریی گوتار، بەرهەستێتی[1] و ئایدیۆلۆژی بە یەکێک دەزانێت. بەرهەستێتی، بەهەڵکەوتبوون دەشارێتەوە؛ کەواتە بەرهەســـــتێتی ئایدیۆلۆژیکە. هەموو واتاکان لەگەڕن و هەموو گوتارەکان بەهەڵکەوتن. «مەبەســـت لە تیۆریی گوتار، تێگەیشـــتن لە بابەتی کۆمەڵایەتی وەکوو هەڵســـازراوێکی کۆمەڵایەتییە. لاکلائۆ و مووفێ لە بەرهەمەکانیاندا زۆرتر ئاوڕ لە تیۆریداڕشـتن دەدەنەوە، بۆیە کەرەســـتەی کرداریی ئەوتۆ بۆ شـــیکاریی گوتاری دەقتەوەر بە دەســـتەوە نادەن» (یورگنســـن و فیلیپس، ۱۳۸۹: ۵۳).

ئەوان تیۆرییەکەیان لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی تیۆرییەکانی دیکەوە پێک هێنا. «تیۆرییەکەی خۆیان بە تێکهەڵکێش و کەم و زیاد کردنی دوو نەریتی مەزن، واتە مارکســـیزم و پێکهاتەییخوازی پێک هێنا. مارکسیزم، خاڵی دەستپێکی بۆ بیرکردنەوە لە بابەتی کۆمەڵایەتی بۆیان دەستەبەر کرد و پێکهاتەییخوازیی، تیۆرییەک لەبارەی واتا. ئەوان ئەم دوو نەریتەیان لە چوارچێوەی تیۆریی پاشپێکهاتەییخوازانە پێکەوە تێکەڵ کرد. بەپێی ئەم تیۆرییە، ســـــەرجەم دەڤەری کۆمەڵایەتی، بە تۆڕێک لە پرۆســـەکان ئەژمار دەکران کە واتا لە نێویاندا بەدی دەهات» (یورگنســـن و فیلیپس، ۱۳۸۹: ٥٤). کاتێ لاکلائۆ و مووفێ باسی «پاشمارکسیزم» دەکەن، مەبەستیان هەڵوەشاندنەوەی چەمکە تەوەرییەکانی تیۆریی مارکســیســـتییە. ئەوان لەم پێداچوونەوەیەدا تەنیا ئامانجیان نووســـینی مێژووی مارکســیزم نییە، بەڵکوو پێیان وایە هەڵوەشـاندنەوەی وتەزا تیۆریکە مارکسیســـتییەکان بێ ئاوڕدانەوە لە ڕووداوە دەرەکییەکان جێبەجێ نابێت. لە ڕاســـتیدا، واقعی ئەمڕۆ بە وتەزاکانی پێشـــوو شـــــرۆڤە ناکرێ. بۆیە، ئەو جیاوازییەی ئەوان لە نێوان دوو ئاســـتی ئۆنتیک و ئۆنتۆلۆژیکاڵ لە بەرچاویان گرت، گرنگە. ئەوان لە ســـەر ئەم بڕوایەن، گۆڕان لە مارکســـیزمەوە بەرەو پاشمارکســـیزم نەتەنیا ئۆنتیک، بەڵکوو ئۆنتۆلۆژیکاڵیشە (لاکلائو و موفە، ۱٤٠٠: ۹-۸).

لاکلائۆ و مووفێ بۆ پێناسەی ئایدیۆلۆژیا سەرنج دەدەنە بۆچوونەکەی فووکۆ و دەستەوشەیەکی دیکەی بۆ دادەنێن: «فووکۆ بە هۆی پەرژوبڵاویی دەستەڵات لە سەرانسەری کۆمەڵگادا، چەمکی ئایدیۆلۆژی بە چەمکێکی پڕبەپێست نازانێت و لەباتی ئەوە چەمکی «گوتار» پێشـنیار دەکات. لە

1. Objectivity

هزری فووکۆدا، گوتار چەمکێکە بە ناوبەری دەستەڵات فۆرم دەگرێت و دەستەڵات لە ڕێگەی ئەوەوە دادەسەپێت. کەوایە فووکۆ لە نێوان پانتاییە گوتارمەند و ناگوتارمەندەکاندا جیاوازی دادەنێت و لە سەر پێوەندیی دیالێکتیکیی نێوانیان پێداگری دەکات. لە کاتێکدا لاکلائۆ و مووفێ بە پێچەوانەی فووکۆ، جیاوازییەک لە نێوان بابەتی گوتارمەند و ناگوتارمەندیدا لە بەرچاو ناگرن. ئەوان لە سەر ئەم بڕوایەن کە هەموو بابەتێکی کۆمەڵایەتی، تەنانەت ئابووریش، بابەتی گوتارمەندن و لە چوارچێوی گوتارەکاندا دەبنە خاوەن واتا. کەوایە ئەمانیش وەکوو فووکۆ ڕایان وایە لە چوارچێوی نوێدا، ئایدیۆلۆژی جێگایەکی نییە. ئەوان بە گۆڕانی واتای ئایدیۆلۆژی بۆ گوتاری هێژێمۆن، ئەو گوتارەی کە توانیویە واتای جیاجیا لە پانتایی گوتارئاساییدا[1] بەلاوە بنێت، توانیویانە لە سیستەمی دال و مەدلوولی خۆیاندا ئەو واتایەی مەبەستیان بووە، جومگەبەندی و هێژێمۆن بکەن. بەم چەشنە، ئایدیۆلۆژی لە واتا تازەکەیدا، نە بە واتای سیستەمێک لەو ئایدیایانەیە واقع بە لاڕێدا دەبەن و کۆمەڵانی خەڵک سست دەکەن، بەڵکوو بە واتای گوتاری زاڵە کە بە جیهانی کۆمەڵایەتی واتا دەبەخشێت» (کرمانی و دلاوری، ١٣٩٥: ١٤٠).

لاکلائۆ و مووفێ، سەرجەم دۆخەکانی تر کە گوتار بەلاوەی دەنێت، بە مەیدانی گوتار ناوبردە دەکەن. مەیدانی گوتار، کۆگایەکە بۆ هەڵگرتنی «زیادە واتا[2]»ی بەرهەمهاتوو. گوتار هەوڵ دەدات بە کەمکردنەوەی چەندواتایی هێمانەکان و گۆڕانیان بەرەو دۆخێک کە واتایەکی جێگیریان هەبێت، بیانکات بە **کات**[3]. گوتار، دابەستەیی یان وەستانێکی کاتی لە ئاڵوگۆڕی واتادا پێک دەهێنێت. واتاکان هیچ کاتێک جێگیر نابن و لە هەمان کاتدا هەرگیز بەتەواوی لەگەڕ و کراوە نین. لە تیۆریکەی ئەواندا چەمکی گوتار، جێگەی چەمکی پێکهاتە دەگرێتەوە. ئەوان گرنگییەکی زۆر بە سیاسەت دەدەن و پێناسەی خۆیان لە سیاسەت پێشکەش دەکەن. «بەگشتی، بەرهەمهێنانەوەی واتا و گۆڕانی شێوەی دەستنیشان کردنی واتا، کردارێکی سیاسین. نابێ لە سیاسەت لە تیۆریی گوتاردا، پێناسەیەکی سنووردار وەکوو شێوەی حزبییەکەی پێشکەش بکرێت» (یورگنسن و فیلیپس، ١٣٨٩: ٧١).

### ١-٢-٣- پێکهاتنی دالی بۆش لە ڕوانگەی لاکلائۆوە

لاکلائۆ سەبارەت بە ڕەوتی پێکهاتنی دالی بۆش ڕای وایە دەبێ سنوورێکی جێگیر لە ناخی کۆمەڵگادا گریمانە بکرێت. واتە سنوورێک کە کۆمەڵگا دەکات بە دوو بەشەوە؛ بێ ئەم دابەشبوونە هیچ هاوتەریبییەک و لە ئاکامدا هیچ دالێکی بۆش پێک نایێت. پاش ئەوەی

1. The field of discursivity
2. Surplus of meaning
3. Moment

لاکلائۆ دژگەریی لە گوتاردا پێناسە کرد، ڕێگەچارەیەک بۆ پڕکردنەوەی قەڵشتی پێکهاتوو لە پێکدادانەکان بە هۆی ئەم دژگەرییەوە ئاراستە دەکات؛ ئەم ڕێگەچارە کە داهێنەرانەترین چەمکی سەرەکیی لاکلائۆیە، بیچمگرتنی دالی بۆشە. وەکوو هەر دالێکی تر، دالی بۆش کۆمەڵێک لە دەنگەکانە کە مەدلوولێکی بەرهەستی نییە. «خووی دالە بۆشەکان کە یەکێتی و یەکپارچەیی بە یەک ئوردووگەی مرۆڤەکان دەبەخشن، ئاکامی گەشەنەسەندنی ئایدیۆلۆژیک یا سیاسی نییە؛ تەنیا دەربڕی ئەم واقعەیە کە هەر چەشنە یەکێتیی پۆپۆلیستی، لەو بەستێنە کۆمەڵایەتییەدا پێک دێت کە یەکجار ناهاوچەشنە» (لاکلائو، ۱٤۰۰: ۱۲۹).

لاکلائۆ ئاماژە دەکات دالە بۆشەکان لە ناو دەڤەری دەلالەتدا دەردەکەون، چونکە هەر چەشنە سیستەمێکی دەلالەت بە دەور کەشێکی بۆشدا پێک هاتووە. کەوایە دەرکەوتنی دەلالەتگەرە بۆشەکان، بە دەور کەشێکی بۆشدایە. ئەم کەشە لە ناڕێتێچوویی بەرهەمهاتنی ئۆبژەیەک سەرچاوە دەگرێت کە بۆ تەکووزمەندی یان ڕێکخراوبوونی ئەو سیستەمە پێویستە. لە کردەدا، هەر زاراوەیەک کە دەبێتە دەلالەتگەری نەبوون لە یەک سیستەمدا، دەتوانێت دەوری دالی بۆش بگێڕێت. لاکلائۆ ڕای لە سەر ئەوەیە پرۆسەیەکی هێژێمۆنیک بوونی هەیە کە بەپێی ئەوە هەندێ تایبەتمەندیی جیاواز، لە ڕێگەی پێکهێنانی یەک دالی بۆش کە دەربڕی ئەوەیە کۆمەڵگا هەرگیز کامڵ نابێت، جێگە و پێگە و تایبەتمەندییە گشتی و هەمەلایەنەکان بە دەست دەهێنێت. دەلالەتگەری بۆش بۆ ئەوەی لە نێو سیستەمی دەلالەتی واتاییدا بمێنێتەوە، دەبێ دەلالەت لە سەر شتێک بکات. لە نێوان سیستەمی واتاییدا، قەڵشتێک هەیە کە دالێکی نییە تا ئاماژەی پێ بکات. لەبەر ئەوەی ئەم قەڵشتە، مەرجی پێکهاتنی دەلالەتی واتاییە، دەبێ بە چەشنێک ناودێر بکرێت. ئەم کارە تەنیا لە ڕێگەی «بەراوەژووکردن»ی پێوەندیی نێوان دال و مەدلوولەوە دەکرێت. دالی بۆش، لەبەر نەبوونی دەلالەتی واتایەکی پێکهاتەمەند دەردەکەوێت (احمدی‌راد و سجادی، ۱۳۹۳: ۹۵-۹٤).

سنوور کاتێک چێ دەبێت کە جیاوازییەکان دەستنیشان بکرێن و لەگەڵ ئەو بابەتانەی دەکەونە دەرەوەی سنوورەکە، پێوەندییەکی دژگەرانە دروست ببێت. «لاکلائۆ بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی دالی بۆش، توانی کێشەکانی بیچمبەندیی سەرەتایی لە چەمکی هێژێمۆنی و تیۆریی پێوەندییە هێژێمۆنیکەکان بەلاوە بنێت [...] وەها دالێکی بێ‌ناوەرۆک دەرفەتی سنووربەندی لە نێوان شوناسی گرووپێک لەگەڵ شوناسەکانی تری نێو کۆمەڵگا پێک دەهێنێت. لە ڕاستیدا ئەرکی ئەم دالە کە لە ئاماژە و ناوەرۆک بەتاڵە، لەوەدایە سنووری نێوان ناو و دەرەوەی گرووپ بە جێگۆڕکێی هەمیشەیی لە زنجیرەی مەدلوولە هاوتەریبەکاندا پێک بهێنێت» (فال اسیری، ۱۳۹٤: ۳۱).

بە ڕای لاکلائۆ، دالی بۆش، دالی پەتی یان دالی بێ‌مەدلوول نییە. دالی بۆش ناکەوێتەوە دەرەوەی سیستەمی دەلالەتەوە، بەڵکوو «لە شوێنێکی سیستەمی دەلالەتدایە کە بە شێوەیەکی هەڵسازراو شیاوی نواندنەوە نییە. بەم واتایە بۆشە، بەڵام ئەمە ئەو بۆش‌بوونەیە کە من دەتوانم دالەکەی بدۆزمەوە. چونکوو لەگەڵ بۆش‌بوونێک لە دەلالەتدا ڕووبەڕووین» (Laclau, 2005: 105). ئەم دالە بە مەدلوولێکی تایبەت سنووردار ناکرێت و لەو ناوەرۆکە پاژەکی و جیاکارانەیەی خۆی بەتاڵ دەبێت و ئاماژەیەکی بەربڵاوتر لەخۆ دەگرێت. «زنجیرەی هاوتەریبی چەندە دووورودرێژ بێت، دالی بۆش کە دالی ناوەندیی ئەم زنجیرەیە، بۆشترە» (تاجیک و شکورزادە، ١٣٩٧: ٦٨-٦٧). کاتێک پێکدادانێکی دژگەرانە ڕوو دەدات، ناکرێ بە شێوەی ڕاستەوخۆ بنوێندرێتەوە، بەڵکوو دەتوانێت لە ڕێگەی دالێکی بۆشەوە، بیچم‌بەندی بکرێت. دالی بۆش، گشتێکی ڕێ‌تێنەچوو بیچم‌بەندی دەکات و لە نێو زنجیرەیەکی هاوتەریبدا سەر هەڵدەدات.

لاکلائۆ بۆ پێناسە کردنی دالی بۆش و بیچم‌بەندیی ئەم زاراوەیە بەڵگە دێنێتەوە کە سیسێرۆ، کاتێ بیری لە ئاخێزگەی تەکنیکە ڕەوانبێژییەکان دەکردەوە، قۆناغێکی سەرەتایی لە کۆمەڵگادا وێنا دەکرد کە تێیدا ژمارەی ئەو چشتانەی دەبێ ناویان لە سەر دابنرێت، لەو وشانەی لە نێو زماندا بوون، زۆرتر بوون؛ بە چەشنێک کە پێویست بوو وشەکان زۆرتر لە یەک واتایان هەبێت و لە واتای سەرڕاست و یەکەمیان لا بدەن. ئەگەرچی سیسرۆ کەمبوونی وشەکان بۆ بۆشاییەکی تەنیا ئەزموونمەند دەگەڕێنێتەوە بەڵام لاکلائۆ بیرۆکەیەکی دیکەی هەیە و پێی وایە ئەم بۆشاییە ئەزموونمەند نییە بەڵکوو بۆمبەستێکی پێکهاتەییە لە زماندا کە ناودێرکردنی شتێک کە لە بنەمادا ناوهەڵگر نییە لە پێگەی مەرجی ئەرکداری زماندا پێک دەهێنێت. لەم کاتەدا، زمانی سەرەتا زمانێکی مەجازییە نەک نامەجازی، چونکوو بێ ناودێرکردنی بابەتێکی ناوهەڵنەگر، قەت زمان نایێتە ئاراوە. بەم پێیە، ئەگەر دالی بۆش لە پێویستبوونی ناودێرکردنی ئۆبژەیەک سەر هەڵدەدات کە ڕێ‌تێنەچوو و پێویستە، واتە ئەو خاڵی سفری دەلالەتە کە بەم وەسفە پێش‌مەرجی هەر پرۆسەیەکی دەلالەتگەرە، ئەوا کردەی هێژێمۆنیک سەرانسەر لەسەر بنەمای کاتارسیس دەبێت (لاکلائۆ، ١٤٠٠: ٩٧-٩٦).

### ٢-٢-٣- سووژە

سووژە لە تیۆریی گوتاردا، بە شوێن یا دۆخێک لە گوتار دەگوترێت. گوتار بەردەوام دۆخ و شوێنگەکان بۆ تاک دیاری دەکات تا وەکوو سووژە ئەو شوێنانە پڕ بکاتەوە. بۆ نموونە لە گوتاری پزیشکیدا، دۆخی «پزیشک» و «نەخۆش» دیاری کراوە. «یەکەم مەبەستی لاکلائۆ لە چەمکی «سووژە» ڕەخنەگرتن لە تێگەیشتنی زات‌باوەڕانە-گەڕانەوەیی[1] ئەم وتەزایەیە.

1. Essentialist-Referential

کۆمەڵگایەک کە لە سەر جیاوازییە بەربڵاوەکان (وەکوو جیاوازی لە دۆخی ئاسوودەیی) دامەزراوە، زۆربوونەوەی شوێنگە جیاجیاکانی سووژە دەستەبەر دەکات» (احمدی‌راد و سجادی، **۱۳۹۳: ۹۲**). کۆمەڵگای لاکلائۆیی هیچ کاتێک بە شێوەی تەواو دەستەبەر نابێت؛ ئەم دەستەبەرنەبوونە، ئاماژە بە کەسایەتیی ناجێگیر و ناتەواوی سووژە دەکات. شوێنگەی سووژە، قەڵشتی پێکهاتوو لە نێوان هێزە دژ و ڕکابەرەکانە کە دەبێت دەلالەتگەرێکی بۆش، پێکەوە بیاندوورێنێت. لاکلائۆ و موفی چەندین تایبەتمەندی بۆ سووژە لە بەرچاو دەگرن: سووژە بە شێوەیەکی بنەمایی قەڵشتی تێکەوتووە و هیچ کاتێک ناتوانێت «خۆی» بێت.

شوناس لە سەر بەستێنێک لە دابین‌کراوێتیی چەندپاتەی[1] گوتارەکان، کردەگوتارمەندەکان و پێوەندییەکانی دەسەڵات پێک هاتووە و پێچەڵپێچتر، سەرتر و ناجێگیرتر لە ڕەهاگەرییە ڕەچەڵەکییەکان و وتەزا فەرهەنگییەکانە (رجبی و سخنور، **۱۳۹۲**). شوناس بە شێوەی گوتارمەند و لە لایەن زنجیرە هاوتەریبەکانەوە چێ دەبێت؛ هەروەها وەکوو گوتارەکان دەگۆڕێت و بەردەوام لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست دەبێت. لاکلائۆ لە ناساندنی سووژەدا زۆر ئاوڕ لە بۆچوونەکانی لاکان دەداتەوە. «ئەو سووژەیەی لاکلائۆ پێناسەی دەکات، نە بەتەواوی لە نێو پێکهاتەدایە و نەک بەتەواوی لە دەرەوەیدایە، بەڵکوو لە نێو ئەو قەڵشتەی کە لە نێو پێکهاتەدایە دەردەکەوێت» (تاجیک و شکورزاده، **۱۳۹۷: ۵۷**).

لاکلائۆ لە کتێبی *هێژێمۆنی و ستراتیژییە سۆسیالیستییەکان*دا باسی سووژەیەکی ناچالاک دەکات و بە شوێنگەی سووژە ناوی لێ‌دەبات؛ بەڵام لە کتێبی *وردبوونەوە نوێیەکان لە سەر شۆڕش لە زەمانەی ئێمەدا*، ڕێچکەیەکی تر دەگرێتە بەر و دەیەوێ سووژەیەکی سەربەخۆ لە شوێنگەی سووژە پێناسە بکات: «ئەو شوناسە کۆمەڵایەتییە سووژە لەگەڵیدا ئەمئەو دەبێت، لە لایەن پێکهاتە یا لەجێ‌چوویی[2] پێکهاتە لە پێشدا دەستنیشان نەکراوە و پێش ئەم بڕیارە شوناس‌بەخشە بوونی نییە. بەم پێیە، کردەی (بڕیاری) سووژە بە شوناسێکی ئۆبژێکتیڤ داناشکێت، بەڵکوو ئۆبژێکتیڤیتەی کۆمەڵایەتی بەرهەم دەهێنێت. لێرەدا جیاوازیی سووژە و شوێنگەی سووژە ئاشکرا دەبێت. سووژە بابەتێکی ئانتۆلۆژیکاڵ و هەڵسازێنەرە، لە کاتێکدا شوێنگەی سووژەی کۆمەڵایەتی، ئۆبژێکتیڤ و هەڵسازراوە» (Laclau, 1996: 103). لاکلائۆ، دان بە سووژەیەکی یەکانگیر، یەکپارچە، جێگیر، هاوچەشن و عەقڵانیدا نانێت و پێی وایە سووژە خاوەن هیچ یەک لەم تایبەتمەندییانە نییە. «چەندپارچەبوون و بڕیارهەڵنەگریی سووژە، نەک تەنیا نابێتە هۆی خاڵی

[1] Over determination
[2] Displacement

لاواز و ناچالاکبوونی سووژە، بەڵکوو بە ڕای لاکلائۆ ئەم سووژەیە تاقە سووژەی چالاک و هۆکاری هەر چەشنە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە» (تاجیک و شکورزادە، ۱۳۹۷: ۷۰). بە ڕای لاکلائۆ، سووژە خاوەن زات و شوناسێکی لە پێش دیاریکراو نییە. ئەم شوناسە لە کاتێکدا دەستنیشان دەکرێت کە پێکهاتە ناتوانێت بڕیار بدات و سووژە لەم نێوانەدا بڕیار دەدات. واتە سووژە لەگەڵ بڕیارهەڵنەگری و لەجێ‌چوویی پێکهاتەدا، پێوەندییەکی دوولایەنەی هەیە. «لاکلائۆ لەو سووژەیەوە کە لە نێو پێکهاتەدا گرفتار بووە، بەرەو ئەو سووژەیە دەڕوات کە بە قەڵشتی پێکهاتە پێک دێت و لە ئاکامدا دەیکات بە سووژەی بەکۆمەڵ کە بەتەنیا قسەکردن لەبارەی ئەم چەشنە سووژەگەلە (کۆ) واتادار دەکاتەوە» (تاجیک و شکورزادە، ۱۳۹۷: ٥٤).

### ۳-۲-۳- دژگەری

لە چوارچێوەی گوتاردا چەشنێک لە بەرهەستێتی هەیە لاکلائۆ پێی دەڵێت «دژگەری». دژگەری، دژایەتییە ئاشکراکانی نێوان گوتارە جیاوازەکان، لە سیستەمێکی گوتارمەنددایە. چەندە پێوەندییەکان ناجێگیرتر بن، دەڤەرەکانی دژگەری زۆرتر دەبنەوە. لاکلائۆ دەڵێت دژگەری چەشنێک پێوەندییە کە سنوورەکان لە چوارچێوەی هەر چەشنە بەرهەستێتییەکدا پیشان دەدات و لەگەڵ پێوەندیی بەرهەستدا زۆر جیاوازیی هەیە. «دژگەریی کۆمەڵایەتی کاتێک ڕوو دەدات کە شوناسە جیاجیاکان بە شێوەی دوولایەنە یەکدی بەلاوە بنێن. ئەگەرچی سووژە شوناسی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام ئەم شوناسانە هەموو کاتێک پێوەندییەکی دژبەرانەیان پێکەوە نییە. کاتێک دژگەری بێتە ئاراوە، ئەوەی ئەم گوتارانە بەلاوەیان ناوە، هەڕەشەیە لە سەر بوونی ئەو گوتارە و جێگیربوونی واتا لەو گوتارەدا. بەم پێیە بەهەڵکەوتبوونی ئەو گوتارە و بەهەڵکەوتبوونی ئەو شوناسەی گوتار بەدیی هێناوە، ئاشکرا دەبێت. دژگەری لەو شوێنەدایە کە گوتارەکان پێکدا دەدەن. دەستتێوەردانە هێژێمۆنیکەکان دەتوانن ببنە هۆی سڕینەوەی دژگەرییەکان» (یورگنسن و فیلیپس، ۱۳۸۹: ۹۰). لاکلائۆ دەوری دژگەری لە یەکگرتنەوەی شوناس لەگەڵ خۆیدا بە گرنگ دەزانێت. ئەو پێی وایە لەبەر ئەوەی شوناس لە لایەن بابەتێکی ترەوە دەستنیشان دەکرێت، دژگەری لە بەردەم هاوگریی هەر شوناسێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا، ڕێگرە.

### ۳-۲-۳- هێژێمۆنی[1] و جومگەبەندی[2]

لاکلائۆ هەڵوەشـــانەوە و هێژێمۆنی بە «دوو ڕووی کردەیەکی تاک» دەناســـێنێت. هێژێمۆنی، جومگەبەندیی بەهەڵکەوتی هێمانەکان لە قەڵەمڕەویکی بڕیارهەڵنەگرە[3] و، هەڵوەشـــانەوەش کردەیەکە پیشان دەدات دەستتێوەردانە هێژێمۆنیکەکان بەهەڵکەوتن؛ واتە لەوانەیە ئەم هێمانەگەلە بە شێوەیەکی جیاواز پێکەوە تێکەڵ بوونایە. هەڵوەشـــانەوە، بڕیارهەڵنەگری ئاشــکار دەکات، بەڵام دەســـتتێوەردانی هێژێمۆنیک جومگەبەندییەکی تایبەت دەکاتە بابەتێکی ئاســـایی. شـــیکاریی گوتار دەیەوێ ئەو پێکهاتانەی بە ئاســـایی دەزانین، هەڵبوەشـــێنێتەوە. هێژێمۆنی کاتێک دەردەکەوێت کە لە نێوان ئەو هێمانەگەلەی شـوناسـیان لە پێشـەوە دیاری نەکراوە، پێوەندی دروسـت ببێت. چەمکی هێژێمۆنی بۆ ئەوە دەرنەکەوت چەشـــنێکی نوێ لە پێوەندی، لە شـــوناســـی تایبەتی خۆیدا پێناســـە بکات، بەڵکوو هاتووە ئەو قەڵشـتە پڕ بکاتەوە کە لە زنجیرەی پێویسـتیی مێژوویی پێک هاتبوو. هێژێمۆنی بریتییە لە لەناوچوونی دژایەتی لە ڕێگەی جێگۆڕکێی سنوورەکانی نێوان گوتارەکان. «باشترین پێناسە بۆ هێژێمۆنی، بریتییە لە ڕێکخســـتنی خواســـتـڕەوتێک کە لە درێژەیدا زانیارییە ملکەچەکان بێ کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی یا زۆرەملێ، دروست ببن» (Barrett, 1991: 54).

هێژێمۆنی لە قۆناغە جیاجیاکانی بەستێنی مێژووییدا واتای جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە:

> چەمکی هێژێمۆنی پێشتر بە چەشنێک دەستتێوەردانی بەهەڵکەوت ئاماژەی دەکرد کە قەیران یا داکشـانی گەشـەسـەندنی مێژوویی یا «سـرووشـتی»ی بە دواوە بوو. دواتر لەگەڵ لێنینیزمدا، هێژێمۆنی لە شـێوەیەکی نوێ لە تاوتوێی سـیاسـیدا دەوری سـەرەکیی گێڕا. سـەرەنجام، لەگەڵ گرامشـیدا ئەم وشـەیە چەشـنێکی نوێی لە ناوەندێتی بەدەست هێنا کە گەشـەی بە کارپێکەرییە تاکتیکی یا سـتراتیژیکییەکانی دا: «هێژێمۆنی» بوو بە چەمکێکی سـەرەکی بۆ گەیشـتن لە یەکێتیی ســـەرەتـایی کە لە بیچمبەنـدیی کۆمەڵایەتیی واقعـدا بوونی هەیە. هەر یەک لەم پەرەسـەندنە واتاییانە لەگەڵ پەرەسـەندنی شـتێکدا بوو کە بە شـێوەی کاتی پێی دەڵێین «لۆژیکی هەڵکەوت» (لاکلائو، ١٤٠٠: ٢٩).

ئەوان ئاماژە بە چەشـــنێک ســـووژە بە ناوی ســـووژەی هێژێمۆنیک دەکەن کە پێوەندیی بە هێژێمۆنییەوە هەیە؛ مەبەست لە سووژەی هێژێمۆنیک ئەو سووژەیەیە کە لە ڕەوتی هێژێمۆنیکدا چێ دەبێت. بۆ ئەوەی پێوەندییەک هێژێمۆنیک بێت، «بڕیـارهەڵنەگریی پێکهـاتەیی» مەرجی ســـەرەتایی هێژێمۆنییە. لاکلائۆ و مووفێ هەوڵیان دا بەم مەرجە پیشـــان بدەن بە نەبوونی وەها

1. Hegemony
2. Articulation
3. Undecidable

مەرجێک سیاسەت لە ئارادا نابێت. هێژێمۆنی کاتێک دەردەکەوێت کە لە نێوان ئەو هێمانەگەلەی شوناسیان لە پێشەوە دیاری نەکراوە، پێوەندی دروست ببێت (لاکلائو، ١٣٩٢: ١١).

لاکلائۆ و موفی، جومگەبەندی بە کردەیەک دەزانن وەها پێوەندییەک لە نێوان هێمانەکاندا دروست دەکات کە شوناسیان دەگۆڕێت. بۆ نموونە، جەستە (جەستەی مرۆڤ) چەندواتاییە و شوناسی لە پێوەندیی لەگەڵ وشەکانی تری یەک جومگەبەندی، دەستەبەر دەبێت؛ وەکوو جەستە و ڕۆح لە گوتاری ئایینیدا. «جومگەبەندی کاتێک ئەنجام دەبێت کە لۆژیکی پێوەندییانەی گوتار، بێ سنووردانانێک لە لایەن هیچ بابەتێکی دەرەکییەوە، تا دەستخستنی ئاکامی کۆتایی بەرەوپێش بڕوات» (لاکلائو، ١٤٠٠: ١٨٠). بە ڕای ئەوان، کردەی جومگەبەندی بریتییە لە چێ کردنی گرێگەگەلێک[1] کە بە شێوەی ڕێژەیی، واتا دەستنیشان دەکەن. جومگەبەندی، وەکوو جێگیرکردن/جێگۆڕکێی سیستەمی جیاوازییەکان ناتوانێت تەنیا دیاردە زمەنییەکان لەبەر بگرێت، بەڵکوو دەبێ هەموو بوونی مادیی دامەزراوە جیاجیاکان، ڕێوڕەسمەکان و ئەو نەریتانەی بە یارمەتیی ئەوانە بیچمبەندیی گوتارمەند پێک هاتووە، بگرێتەوە. جومگەبەندی بە هەر کردەیەک دەوترێت کە لە نێوان هێمانە جیاجیاکاندا پێوەندییەک دروست دەکات کە لە دەرێژەیدا شوناسەکەیان لە ئاکامی ئەم کردەی جومگەبەندییەدا دەگۆڕێت. گشتێک کە لە ئاکامی کردەی جومگەبەندی بەدەست دێت، بە گوتار ناودێر دەکرێت.

### ٥-٢- ٣- هاوتەریبی و جیاوازی[2]

بە ڕای لاکلائۆ، دوو لۆژیکی هاوتەریبی و جیاوازی، ئەگەرچی لە کۆتاییدا پێکەوە پێوەندییەکی دژگەرانەیان هەیە، وێڕای ئەمە پێویستیان بە یەکدیش هەیە. هەموو شوناسە کۆمەڵایەتییەکان (واتە گوتارمەند) لە خاڵی پێک‌گەیشتنی جیاوازی و هاوتەریبی دروست دەبن. ئەو پێوەندییانەی لە سەر بنەمای هاوتەریبی پێک هاتوون، لە ئاست هەستێکی ناڕوونی هاوگری تێناپەڕن مەگەر ئەوەی کە بۆ شێوەی چەشنێک شوناسی گوتارمەند بگۆڕن. ئەگەر داخوازییە هاوتەریبەکان وەڵام نەدرێنەوە، یەک دەگرن و سووژەیەکی بەربڵاوتری کۆمەڵایەتی چێ دەکەن. تەنانەت ئەگەر داخوازییەکان بە شێوەی جیاجیا وەڵام نەدرێنەوە، سەرەڕای جیاکاری و پەرتەوازەبوونیان، زنجیرەی هاوتەریبی پێک دەهێنن و لە یەکیەتییەکی کاتیدا پێکەوە دەبەسترێنەوە و لۆژیکی هاوتەریبی جێگەی لۆژیکی جیاوازی دەگرێتەوە. «زنجیرەی هاوتەریبی بەناچار دەورێکی دوولایەنەی هەیە: لە لایەکەوە دەرکەوتنی وردەکارانەخوازیی داخوازییەکان پێک دەهێنێت

1. Nodal points
2. equivalence & difference

و له لایه‌کی تره‌وه ئه‌م داخوازییانه ناچار ده‌کات له خۆی له پێگه‌ی ئاستێکی تێکه‌ڵبووی پێویست پێڕه‌وی بکه‌ن» (لاکلائو، ۱٤۰۰: ۱٦۰-۱٥۹).

لاکلائۆ ئه‌م پرۆسه‌یه که له کۆمه‌ڵگایه‌کدا دوو لایه‌نی دژ به‌یه‌ک له به‌رانبه‌ر یه‌ک ڕاست ده‌بنه‌وه و ده‌بنه ڕکابه‌ری یه‌کتر، قۆناغ به قۆناغ و ئاست به ئاست تاوتوێ ده‌کات و تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی هه‌ر کام له لایه‌نه‌کان، به‌پێی شێوه‌ی بیچمبه‌ندی و ئاراسته‌کانیان، دیاری ده‌کات. «ئه‌رکی لۆژیکی هاوته‌ریبی، پێکهێنانی ئه‌و شوناسه هاوته‌ریبانه‌یه که ڕه‌تکردنه‌وه‌ی په‌تیی سیسته‌مێکی گوتارمه‌نده. ئه‌م لۆژیکه قه‌ڵشتێک له نێو سیسته‌مه جیاوازییه‌کاندا پێک ده‌هێنێت و به‌دیهێنه‌ری سنووره سیاسییه‌کانی نێوان دوو ئوردووگه‌ی دژ به‌یه‌که. لۆژیکی جیاوازی به‌ته‌واوی پێچه‌وانه‌ی لۆژیکی هاوته‌ریبییه. له کاتێکدا لۆژیکی هاوته‌ریبی به‌دوای دابه‌ش کردنی که‌شی کۆمه‌ڵایه‌تی به تێک‌گووشینی واتا له ده‌وری ئوردووگه‌ی دژگه‌ردایه، ئه‌و ڕه‌وته‌ی له سه‌ر بنه‌مای لۆژیکی جیاوازییه، ده‌یه‌وێ سنووره جێگیره‌کانی جه‌مسه‌ره دژگه‌ره‌کان بگۆڕێت و لاوازیان بکات. که‌وایه له هه‌ڵسازانی بابه‌تی کۆمه‌ڵایه‌تیدا، یا له سه‌ر پاژێک له داخوازییه‌کان که پێوه‌ندییه‌کی جیاوازی له‌گه‌ڵ داخوازییه‌کانی دیکه‌دا هه‌یه پێداگری ده‌کرێت، یا له سه‌ر ئه‌و شته‌ی که هه‌موو پاژه‌کان به شێوه‌ی هاوبه‌ش خاوه‌نی ئه‌وه‌ن. یه‌که‌م، شێوه‌ی لۆژیکی جیاوازییه و ئه‌وه‌ی دووه‌م که سنووری دژگه‌رانه ده‌کێشێت، لۆژیکی هاوته‌ریبییه» (Laclau, 2005: 77-78).

## ٤- تیۆریی گوتار له ڕۆمانی *که‌وتنی ئاسمانه‌کان*دا

### ١-٤- کورته‌ی چیرۆکه‌که

که‌سایه‌تییه‌ک به ناوی فوئاد که پیشه‌ی شۆفێرییه و له نێوان شاره‌کانی سلێمانی و که‌رکووکدا کار ده‌کات، به‌هه‌ڵکه‌وت له‌گه‌ڵ کچه تورکمانێکدا ئاشنا ده‌بێته‌وه. پاش هاتوچۆیه‌کی زۆر به مه‌به‌ستی خوازبێنی‌کردن، که‌سوکاری کچه‌که هه‌ڕه‌شه‌ی لێ ده‌که‌ن و لێی ده‌ده‌ن تا واز دێنێت و ئه‌و کچه له بیر خۆی ده‌باته‌وه. پاش ماوه‌یه‌ک له سلێمانی له‌گه‌ڵ ژنێک به ناوی ئه‌ڵماس هاوسه‌رگیری ده‌کات و کچێکی لێ ده‌بێت. ئه‌وان دراوسێکیان به ناوی زولێخا هه‌یه که کچێکی عازه‌به و زۆر تێکه‌ڵی ژیانی ئه‌وانه؛ پێوه‌ندییه‌کی نزیکی له‌گه‌ڵ ئه‌ڵماسدا هه‌یه و ته‌نانه‌ت له په‌روه‌رده‌کردنی منداڵه‌کانیشیدا ده‌وری زۆری هه‌یه. زولێخا زۆرتر له ته‌کیه خه‌ریکی زیکر و خوێندنه‌وه‌ی موناجات و ده‌قه ئایینییه‌کانه و ژنی ئه‌و شاره به‌ره‌و ئه‌و کۆڕانه ڕاده‌کێشێت. پاش ماوه‌یه‌ک، کچه تورکمانه‌که (یۆڵدزنوور) پێوه‌ندیی پێ‌ده‌کاته‌وه. پێشتر که براکانی کچه‌که ڕێگر بوون، ئێستا له‌و شاره هه‌ڵاتوون و ئیدی که‌س ڕێگرییان لێ ناکات.

کچەکە لەگەڵ دایک و بابیدا دەژیت؛ ئەوان بەو مەرجەی کچەکەیان لە ماڵی خۆیاندا بێت، بە هاوسەرگیری ڕازی دەبن و بێ ئەوەی بزانن فوئاد خێزانی هەیە، لە کەرکووک هاوسەرگیری دەکەن.

فوئاد کە ئێستا دوو ژنی هەیە، تا ماوەیەک بەم شێوە بێ ئەوەی هیچ لایەک ئاگادار بکاتەوە (ئەگەرچی دواتر دەیەوێ ئەم نهێنیە بدرکێنێت)، بە هەر دوو لادا ڕادەگات و ئەم بابەتە بە نهێنی دەمێنێتەوە. لە یۆڵدزنوور کوڕێکی دەبێت و ناوی دەنێن زەینەڵ. سەرەتاکانی شەڕی ئێران و عێراقە و فوئاد بە ناچاری دەبێت لەم شەڕەدا بەشداری بکات. ئەو کە ئێستا دوو ژنی هەیە و لەوان خاوەنی کوڕ و کچێکە، دەیەوێ بە هەر چەشنێک بووە خۆی لەم شەڕە دەرباز بکات، بەڵام بۆی ناکرێت. ماوەیەک دەڕوات بۆ مەشقی سەربازی؛ لەو ماوەدا ژنەکەی و خەسووی بە ڕووداوێک دەمرن. ئەو، کوڕەکەی لەگەڵ خۆی دێنێتەوە بۆ سلێمانی و دەیداتە دەست ئەڵماس و دەڵێت ناوی ئاسۆیە. دەڵێ لە ڕێگەی سلێمانی‌دا دایک و باوکی تووشی کارەساتی ئوتومبێل بوونە و تەنیا منداڵەکە زیندوو ماوەتەوە. بە ئەڵماس دەڵێت ئەم کوڕە وەکوو منداڵی خۆمە و تۆش دەبێ وەکوو منداڵی خۆت ئاگاداری بیت. ئەم نهێنییە هەر بەم شێوە دەمێنێتەوە تا فوئاد دەچێتە بەرەکانی شەڕ و بە دیل دەگیردرێت. لە زینداندا زۆر تووشی چەرمەسەری دەبێت و ماوەی بە دیل‌گیرانی نزیکەی هەژدە ساڵ دەخایەنێت؛ کە دێتەوە زۆر شت گۆڕاوە و منداڵەکانی گەورە بوونە. منداڵێک لەو ماڵەدایە؛ کە دەپرسێت ئەو منداڵە کێیە، وەڵامەکە هەموو شتێ تێک دەدات. لە وەڵامدا دەڵێن ئەوە هیوایە، کوڕی ئاسۆ و ئاسکۆڵە. لێرەدا ئەو نهێنییەکە ئاشکرا دەکات و قەیرانێکی گەورە ڕووبەڕووی بنەماڵەکە دەبێتەوە.

پاش ئاشکرا بوونی ئەم نهێنییە، هەر کەسەو بەرەو لایەک سەری خۆی هەڵدەگرێت. ئاسکۆڵ بەرگەی بیستنی ئەم قسەیە ناگرێت، مێشکی تێک دەچێت و شێت دەبێت. ئەو ئاوارەی نێو کووچە و کۆڵانان دەبێت و لە کۆتاییدا لەگەڵ دایکی لە لایەن گرووپە ئیسلامییەکانەوە دەکوژرێن. زولێخاش دواتر تێکەڵ بە گرووپە ئیسلامییەکان دەبێت. ئاسۆ پەنا دەباتە مزگەوت و کەسایەتییە ئایینیەکان؛ ئەم کارە بە تاقە ڕێگە دەزانێت تا لە گوناهی هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکەکەی پاک ببێتەوە. پاش چەندین مانگ ئەشکەنجە و سزادان، بە مەبەستی شۆردنەوەی گوناهەکەی، تێکەڵ بە گرووپە تیرۆریستییەکان دەبێت. ئەوان دەیبەنە بارەگاکانی خۆیان، هەموو ڕۆژێ پەروەردە و ڕێنماییە تایبەتەکانی خۆیانی پێ فێر دەکەن تا مێشکی ئامادەی ئەوە ببێ لە داهاتوویەکی نزیک خۆی لە شەقامێکی هەولێردا بتەقێنێتەوە.

لە بەشی کۆتایی ڕۆمانەکەدا، ئاسۆ ڕاهاتووە و مەشقی پێ کراوە تا بڕوات خۆی بتەقێنێتەوە. تی‌ئێن‌تی و باروت بە ناوقەدیدا شاردراوەتەوە؛ هەموو شتێکی لەبەرە کە چی بکات و کەسێکیش

لە دوورەوە چاوەدێریی دەکات. پلانەکە ئەوەیە قەفەزێک بە دوو کۆترەوە بە دەستەوە بگرێت و بیبات بۆ ئەو پیاوە پیرەی لەگەڵ نەوەکەیدا چاوەڕێی دەکەن. ئەو شوێنە قەرەباڵغە و کەسانێک خەریکن ناو دەنووسن و دەیانەوێ ببن بە سەرباز. ئەو بەپێی پلانەکە هەموو ئەرکێک جێبەجێ دەکات تا دەڕواتە بەردەم پیرەپیاوەکە. کابرا کە چاوی بە کۆترەکان دەکەوێت، بانگی نەوەکەی دەکات و دەڵێت وەرە هیوا ئەوە کۆترەکانیان هێناوە. ئاسۆ کە گوێی لە دەنگەکە و ناوی هیوا دەبێت، فوئاد دەناسێتەوە کە چەندە پیر و کەنەفت بووە. هیوا باوەش بۆ ئاسۆ دەکاتەوە و فوئاد دەکەوێتە سەر پێڵاوەکانی؛ لەو کاتەدا ئاسۆ خەریکە لە ئەرکە پێسپێردراوەکەی پاشگەز ببێتەوە. ئەو دەیەوێ قسەیەکی باوکانە بۆ هیوا بکات. چاودێرەکە کە چاوی لەمە دەبێت، دەست بە دوگمەی کۆنترۆڵەکەی نێو گیرفانیدا دەنێت؛ گرمەیەک هەموو هەولێر دەلەرزێنێتەوە و ئەو ئاپۆڕەیە بێدەنگ دەکات.

## ٢-٤- دۆخی کۆمەڵگا و بەستێنەکان

سەردەمی ئەم چیرۆکە کە لە دیەکانی پەنجا و شەستی هەتاوییەوە دەست پێدەکات و درێژەی دەبێت، لە باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریشەوە سەردەمێکی ئاڵۆزە و چەندین لایەنی دژبەر و لێکدوور لە بوارە جیاجیاکاندا لە ململانێدان. دووبەرەکیی نێوان دەستەڵاتی ناوەندی و هێزی خەڵک، چەشنێک لە ژیانی پارێزکارانە و شاراوەی هێناوەتە ئاراوە کە زۆر جار بووەتە هۆی ئاڵۆزی و کێشە و گرفتی بێچارەسەر. ناچارکردنی خەڵک بۆ بەشداری لە شەڕی نەخوازراو و دەستتێوەردانی جۆراوجۆر لە لایەن دەستەڵاتی فەرمییەوە لە کۆمەڵگادا، لێکترازانی باری ژیان و ناجێگیربوونی سەقامی کۆمەڵایەتیی لێکەوتووەتەوە. لەم دۆخەدا، بەش و لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە زۆر بارەوە لێک دوور دەبنەوە و ئەو یەکانگیری و یەکپارچەییەی دەبێتە هۆی گەشە و هەڵدانی ئەو قەوارەیە، پێک نایێت. لەو شڵەژاوییەدا زۆر جار لایەنی سەرەڕۆ و ئایدیۆلۆجیک هەوڵ دەدەن بە دەستتێوەردانی هێژێمۆنیک ئەو لێکدژییانە لە ژێر یەک چەتردا، کە بەرژەوەندی و خواستی خۆیان لە سەرووی هەموویدایە، کۆ بکەنەوە و لە ئاراستەی بەهێزبوونی خۆیان بە کاری بهێنن. ئەم گەرووپە ئایدۆلۆجیکانە کە پێیەکیان لە نێو نەریتی پێشدایە، ئەو بەستێنەیان هەیە کە سووژە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن و پەروەردەی بکەن.

دژبەریی نێوان نەریت و ئەو خواستە جۆربەجۆرانەی لە کۆمەڵگادا بەدی هاتووە، یەک تر لەو بابەتە کێشەسازکەرانەیە کە دۆخی سووژەی ناجێگیر کردووە و ناچاری دەکات گێڕانەوەیەکی جیاواز لە واقیع بخاتە ئاراوە تا پاساوێک بۆ ئەم لێکدژییانە بێنێتەوە و بە شێوەی کاتی

چارەسەریان بکات. ئەم تێکەڵاوی و بێ‌سەرەوبەرەییە لە ئاکامدا سووژە بەرەو کەشێکی مەترسیدار و دۆخێکی بێ‌هیوا ڕێنوێنی دەکات و ڕێگە نادات سووژە بۆ ئەو ڕێچکەیە بگەڕێتەوە کە دەتوانێت بڕیار بدات و ئاڵوگۆڕ بەدی بهێنێت. پیاوسالاری، نەریتتەوەری، دەستەڵاتخوازی، نایەکسانی، بێ‌ئەنجامی، نارەزایی، توندوتیژی، بێ‌هەڵوێستی، نەخوێندەواری و چەندین نموونەی لەم چەشنە کە هەر کامەیان بۆخۆی ئاستەنگی و تەگەرەی جیاجیای پێک هێناوە، بە شێوەیەک پێوەندییان پێکەوە هەیە و یەکدی بەرهەم دەهێننەوە. لە ئاکامدا شەڕ و دوورکەوتنەوە، کە دەکرێ بە دیارترین مۆتیڤی پێکهێنەری کێشەی ئەم ڕۆمانە پێناسە بکرێت، دەبێتە هۆی قەومانی ئەو گرفتە بێ‌چارەسەر و تێکدەرە و سووژەکان هەر یەک بۆ وەرگرتنی چارەسەر یا دڵدانەوەی خۆیان ڕوو لە لایەک دەکەن و تا دواوێستگەی ژیان دەستیان پێ پێ‌ڕاناگات.

### ٣-٤- گوتاری ئایینی لە پێگەی گوتاری زاڵدا

لە نێوان چەندین گوتاری جیاجیادا، کە زۆربەیان دژایەتییان لەگەڵ یەکدا هەیە و لە بۆشایی و جێگەلەقبوونی ئەوی تردا زۆرتر سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن، گوتاری ئایینی بە لایەنە سەرەڕۆیانەکەیەوە خۆی وەکوو تاقە بژاردەی بەردەست و دواحەقیقەتی هەبوو پێناسە دەکات. ئینجا ئەم پێگە و ئاستە لە سەلمان نەهاتووە، بە تێڕوانینە باوە ئایینییەکانەوە گرێ دەداتەوە و زەینی بەردەنگی خۆی بۆ وەرگرتنی ئەم بابەتانە و بەڕێوەبردنیان ئامادە دەکات. دەستەڵاتی سووژە لە نێو ئەم گوتارەدا یەکجار بەرتەسکە؛ ئەو جومگەبەندی و ڕیزبەندییەی لە ڕێساکان و پێوەندییەکاندا جێبەجێ کراوە، پێشتر هەموو دەور و شوێنگەکانی دیاری کردووە و سووژە ئەو شوێنانە پڕ دەکاتەوە. ئەم گوتارە توانیویەتی لە بۆشایی و دەوری ناتەواوی ناوەند و بەڕێوەبەرایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا شوێنی خۆی وەکوو مەڵبەندێک کە خەڵکی دەتوانن پەنای پێ ببەن، لە سەرووی هەموو ڕکابەرەکانی، جێگیر بکات و ئەوانی تر بەلاوە بنێت.

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا چارەسەرێکی بۆ سڕینەوەی تاوانەکەی ئاسۆی لە ئارادا نییە، چییەتی و شوناسی سووژە، کە بە شێوەی نەرێنی پێک دێت، ڕێچکەی خۆی دیاری دەکات. ئاسۆ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بە مەبەستی پاکبوونەوەی تاوان، لە ئاکامدا پەنا دەباتە بەر دامەزراوە ئایینییەکان و، گوتاری ئایینی وەکوو تاقە بژاردە و دەرفەتێک بۆ پاکبوونەوە لەم تاوانە نەخوازراوە، بەرەو لای خۆی ڕای‌دەکێشێت. ئەم گوتارە (گوتاری ئایینی) بە دەستنیشانکردنی هەندێ چارەسەر وەکوو سزادان و ڕیازەت کێشان و لە ئاکامدا خۆتەقاندنەوە، دەوری خۆی دەنوێنێت. لێرەدا گوتاری ئایینی بە دابەستنی واتا و وەستانێکی کاتی لە ئاڵوگۆڕی واتادا هەوڵ دەدات چەندواتایی لە هێمانەکاندا کەم بکاتەوە و واتایەکی جێگیریان پێ ببەخشێت. ئەو

دژگەرییەی بووەتە هۆی جیاکەوتنەوەی ئاسۆ لە گوتاری پێشوو و سەرگەردانبوونی، دەرفەتێکی بۆ گوتاری ئایینی ڕەخساندووە تا سووژەکانی خۆی بە پڕکردنەوەی کەلێنە بەدیهاتووەکان دیاری بکات. ئەم گوتارە بێ دوودڵی و ئەگەرمەندییەک، حوکمی خۆی دەدات و بەوپەڕی باوەڕەوە شێلگیرانە، ڕێچکەیەک بۆ ئاسۆ دەستەبەر دەکات و بێ ئەوەی دەرفەتی گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوەی پێ بدات، پەلکێشی دەکات.

ئەو دامەزراوەیە گرووپە ئێرهابییەکان لەو ڕێگەیەوە بانگەشەی ڕوانگە و بیروباوەڕی خۆیان دەکەن، مزگەوتە؛ پەیامێک کە لەم دامەزراوەوە دەنێردرێت بۆ سووژە، تۆبە و پاکبوونەوە لە تاوان و دەستخستنی بەهەشتە؛ ئەو سووژەیە کە بەردەنگی ئەم پەیامەیە، ئاسۆیە. ئەم گوتارە بە شێوەی سیستماتیک پلانی خۆی بۆ ڕاکێشانی سووژەکان داڕشتووە و هەر کەسێک لە نێو ئەم سیستمەدا ئاگاداری دەور و جێگەوپێگەی خۆیەتی؛ بە چەشنێک کە مەبەستێکی سەرەکی لە پێش هەموو کارێکەوەیە و هەموو هەوڵەکان بۆ نزیکبوونەوە لەو مەبەستە دەخەنە گەڕ. «شەو چووە مزگەوتەکەی مەلا شەفیقە کۆڵە هەموو ڕۆیشتن و ئەو نەڕۆیی [...] نیوەشەو فەقێیەکی کامڵ کە پێ دەچوو سەرپەرشتیی مزگەوتەکەش بکات، لە ژوورێک کە تاکە ژووری ئاوەدانیی شەوانی مزگەوتەکە بوو هاتە دەرێ [...] بردیە ژوورەکەی خۆی» (جەماڵ غەریب، ۲۰۱۶: ۲۱۲-۲۱۱).

بە دۆزینەوەی بەردەنگی خۆیان لە ڕێگەی ئەم دامەزراوە و هەروەها دیاریکردنی ئەو ڕێڕەوەی بڕیارە سووژە پێیدا تێپەڕێت، ژیانێکی تر و واتایەکی جیاواز دەخەنە کایەوە. ئینجا لەم نێوانەدا ئاسۆ ڕابردووی خۆی تەژی لە نەفرەت و نەهامەتی دەبینێت و هەوڵ دەدات بە هەموو شێوەیەک پێناسەیەکی تر بۆ خۆی دەستەبەر بکات تا بەتەواوی لەوەی پێشوو جیا ببێتەوە. «تازە جەستەی تۆ بۆ خوداپەرستی نابێ. بۆ بەیانییەکەی منی بردە مزگەوتێکی گەورە و ئاوەدان و قەرەباڵغ، کە لام وابێ ناوی جیهاد بوو [...] مەلایەکی باریک و درێژ کە ئەویش ڕیشێکی ماشوبرنجی درێژی هەبوو، سمێڵی تا بن لووتی تاشیبوو [...] چەند کتێبێکی لە پێش بوو ئەویش گوتی: جائیز نییە قسەی لەگەڵدا بکرێ، جائیز نییە لە ژوورێکدا بم لەگەڵیدا. شەیتان داگیری کردووە، نووری ئیسلام لە ڕۆحیدا نەماوە» (هەمان: ۲۱٦).

پەیامەکە و شێوەی جێبەجێ کردنی لە لایەن گوتاری ئایینی و ئەندامانی دامەزراوەکەوە دیاری دەکرێت. ئەو هیوای پاکبوونەوە لە تاوان و ڕزگارییە، کە ئەم گوتارە خۆی بە خاوەنی هەموو لایەنێکی دەزانێت، ئەوەندە لای ئاسۆ پەرەی پێدراوە و بە واقیعەوە نزیک کراوەتەوە کە ئامادەیە هەموو ئەرکێک جێبەجێ بکات و هەر چەشنە دژواری و ڕیازەتێک بە گیان قەبووڵ بکات. «دەرگای تۆبە و پاکبوونەوە، هەتا بۆ یەزیدیش دانەخراوە [...] یەکەم لە کاتی هەر

نوێژێکدا دە جەڵدەی لێبدرێ. دووەم، ڕۆژانە تەنها دەڵێ ئەستەغفیروڵا، ئەوە بۆ ماوەی چل ڕۆژ. دواتریش دەبێ سێ مانگی تەواو ڕیازەی دینیی پێبکرێت و موسوڵمان بکرێتەوە» (هەمان: ٢١٨-٢١٧). لە پێکهاتنی ئەم گوتارەدا، سنووربەندییەکان کارتێکەریی بەرچاویان هەیە و زۆر بابەتی نێو کۆمەڵگا و تەنانەت کەسەکانیش بەلاوە دەنێن تا چوارچێوەی ئەو گرووپە دیاری بکەن. سنووربەندییەکانی گوتاری ئایینی بەردەوام بە بەلاوەنان[1] و دوورخستنەوەی گوتاری تر و کەسانی تر ئاشکرا دەبێت؛ ئاسۆ وەکوو سووژەیەکی گوتاری ئایینی، هاوکات ناتوانێت لە گرووپێکی تریشدا بێت کە سەر بە گوتارێکی ترە و بە ڕێڕەوێکی تردا بڕوات.

ئەم گوتارە، لە ڕێگەی بانگەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە، پێناسە و ڕوانگەی خۆی لە زۆر بواردا بە چڕی دەستنیشان کردووە و چوارچێوەی خۆی بۆ زۆر وشە و واتای پێوەندیدار، وەکوو ژیان، مردن، مرۆڤ، وڵات، ژن، شەڕ و خۆشەویستی بە شێوەیەکی هێژێمۆنیک دیاری کردووە. ئەو لۆجیک و عەقڵانیەتەی پێویستە، لەم گوتارەدا لە بەرانبەر پێشڤەچوون و دەستخستنی مەبەستەکانیدا ڕێگرە و هەوڵ دەدات ئەندامانی خۆی لە کەشوهەوایەکی تردا پەروەردە بکات کە مەودایەکی جیاوازی هەیە و دەرفەتی پرسیار و شک کردن لە هەموویان دەسێنێتەوە. «بەپەلە هێنایانمە دەرێ و دارکارییان کردم. تووند لە هەموو شوێنێکەوە. سۆفی هاواری دەکرد، ئەوەتا شەیتانێک بە پشتیەوەیەتی، ئەوە ئەوەیان بە ئەژنۆوەیەتی، یەکێکیان ئەوەتا هەڵات خۆی بە پەنجەرەکە دادا. ئاگر بکەنەوە، ئاگر بکەنەوە با بیانسووتێنێ، هاواری دەکرد، ئاوی گەرم بەو داماوەدا بکەن با شەیتانەکان نەگەڕێنەوە سەری» (جەماڵ غەریب، ٢٠١٦: ٢٢٨).

### ٤-٤- قەیرانی سووژە و شوناسی نوێ

بەدوای دیارکەوتنی خوشکوبرابوونی ئاسکۆڵ و ئاسۆ، قەیرانێکی لەپڕ ڕووبەڕووی سووژەکان دەبێتەوە و لە سەر هەر کامەیان بە قووڵی کارتێکەریی دەبێت. ئاسۆ بێ ئەوەی ئاگای لەوە بێت لەگەڵ خوشکی خۆیدا هاوسەرگیریی کردووە. ئەو هەست بە تاوانێکی گەورە دەکات و دەیەوێت بە هەر چەشنێک بووە ئەم تاوانە لە خۆی بسڕێتەوە. شکاندنی ئەم تابووە کۆمەڵایەتییە، هیچ دەرفەت و ڕێگایەکی بۆ نەهێشتووەتەوە تا ئەوەی کە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەرەو گوتاری ئایینی ڕای‌دەکێشێت. ئەمەی کە ئاسۆ لە گوتارێکی ترەوە پاڵ دەنرێتە نێو گوتاری ئایینی و تێیدا پەروەردە دەبێت، پیشاندەری ئەوەیە سووژە شوناسی جۆراوجۆری هەیە کە لە نێو گوتارەکاندا جێگەی دەبێتەوە. لە ئاکامی دژبەری، کە لە نێو قەڵشتی پێکهاتەکاندا دەردەکەوێت،

---

1. Exclusion

تەنانەت لە نێو ئەو گوتارە ئایینییەشدا جارجار بابەتێک دێتە ئاراوە کە ئاسۆ بەرەو ئاراستەیەک ڕادەکێشێت دەست لەم بڕیارە هەڵبگرێت و درێژەی پێ‌نەدات؛ بە شێوەیەک لە کۆتاییشدا نایەوێ خۆی بتەقێنێتەوە و خەریکە پاشگەز دەبێتەوە.

گوتاری ئایینی، بە پێناسەکردنی واتای خۆی لە قەوارەی وشەکاندا، هەندێ واتای زیادەی لە نێو ئەم وشانەدا جێگیر کردووە و هەروەها بە کەڵک‌وەرگرتن لە دوالیزمی ناچارمەندانە کە سووژە بەرەوە هەڵبژاردن لە نێوان دوو بابەتدا پاڵ پێوە دەنێت، لە بازنەی ئەو سیستەمەدا تاقە حەقیقەت و تاقە ڕێگا دەستنیشان دەکات و بواری ڕووبەڕووکردنەوەی پرسیار بۆ هیچ یەک لەمانە لە ئارادا نییە؛ لە ڕاستیدا کەس لەو ئاست و پێگەیەدا نییە تا بتوانێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات. تۆبە و پاک‌بوونەوە لە تاوان، دەستخستنی نووری ئیمان، ڕیازەتی ڕۆح، پاککردنەوەی فەساد، شەڕی جەهل و نەزانی و لەناوبردنی کافران، ئەو بابەتانەن کە جومگەبەندی کردنیان هاوتەریبییەکی لە نێوان ئەندامانی ئەم گرووپەدا دەستەبەر کردووە و جیاوازییەکانی بەلاوە ناوە. «هەر کافرێک، هەر گومڕا و لەدین دەرچوویەک، هەر غەیرە دینێک، هەر مەست و فاحیشەیەک، بە دەستی تۆ لەناو ببرێ، ئەوەندەی ئازار و عەزاب و هاواری ئەوان، فریشتە و مەلائیکەتەکانی سەر زەوی و هەموو ئاسمانەکان سڵاو و درووودت بۆ دەنێرن» (جەماڵ غەریب، ۲۰۱٦: ۲٤۳).

ئاخاوتە هێژێمۆنیکەکان دەبنە هۆی پێکهێنانی شوناسی ئاسۆ و لە پێکهێنانی ئەو شوناسەدا دەوری سەرەکی دەگێڕن؛ چونکوو ئاسۆ کەسایەتیی ڕێژەیی خۆی لەم ئاخاوتانەوە وەردەگرێت نەک لەو شوێنەی هاتووە. واتە کارتێکەریی ڕاستەوخۆی لە سەر شوناسی ئەو هەیە و شوێنگەیەکی بۆ دیاری دەکات. هەروەها ئەو کردەیە ئاسۆ ئەنجامی دەدات، دەربڕی خوو و سرووشتی ناوەوەی ئەو نییە، بەڵکوو دەبێتە هۆی هەڵسازرانی؛ واتە ئەمە کردەیە کە دەبێتە هۆی هەڵسازرانی و، ئەم شێوە پێناسەکردنە هەڵگری چەشنێک چالاکییە بۆ سووژە و کاریگەربوونی تێدا بەرجەستە و بەرچاوە. بە سەپاندنی ئەم شوێنگە و باوەڕانە، لە سەرێکەوە گوتاری ئایینی دەستەڵاتی خۆی قەبەتر دەکات و، بە جێگیرکردنی ئەم خواستانەی بە شێوەی کرداری، پاساوێکی هێژێمۆنیکتر بۆ ئەم کردەوانە و جێبەجێ‌کردنیان دەهێنێتەوە.

لە سەرێکی تریشەوە، ئاسۆ لە پێگەی سووژەیەکی نوقمبوودا، زیاتر هەست بە نزیک‌بوونەوە لە ئاکام و خواستەکەی دەکات. «نوورێک لەسەر سەرتە، کە دەخەوی ئەو ناخەوێت، لە شەیتان دەتپارێزێ، لە دڵەڕاوکێ دوورت دەخاتەوە، ڕۆحی خۆت تەسلیمی ئەو نوورە دەکەی» (هەمان: ۲۸۱). بە هەمان چەشن کە لاکلائۆ لە جیاتی سووژە، شوێنگەی سووژە بەکار دەهێنێت، ئەو پێگە و شوێنانە لەم ڕۆمانەدا بۆ سووژە دەستنیشان کراوە بریتین لە: مەخلووقی پیس، تاوانبار،

تۆبەکار، شـەهیدی خودا، ئاغای حۆرییەکان. «ئەگەر بمریێ، شـەهیدە بە کەس مەڵێ. مادام بە ڕەزای خۆیەتی، لەو ڕۆژەوە لێرەیە بۆی بە غەزا حســـابە. ئەوە حیکمەتی خودایە. ئەگەر بیەوێ هەر دەمێنێ» (هەمان: ٢٢٠).

## ٥-٤- نواندنەوەی دالی بۆش و کارتێکەرییەکانی

پـاش دەرکەوتنی نهێنییەکە (واتە خوشـــکوبرا بوونی ئـاســـۆ و ئـاســـکۆڵ کە پێکەوە هاوسـەرگیرییان کردووە)، پێوەندییەکانی ئاسۆ لەگەڵ کەسانی دەوروبەر و گوتاری زاڵدا ناجێگیر دەبێت و لای ئەو، کۆمەڵگا بە سـەر دوو بەشـی تاوانبار و ئایینیدا دابەش دەبێت. شـکاندنی ئەم تابووە مەزنە کۆمەڵایەتییە، هیچ دەرفەت و ڕێگایەکی بۆ نەهێشتووەتە. لەم نێوانەدا، دژگەری لە گوتـاردا خۆی دەردەخات؛ واتە لێکدژییەکانی نێوان دالەکان و پاژە پێکهێنەرەکانی ئەو گوتارانەی ئاسـۆ خۆی کەمتازۆر لە نێویاندا دەبینێتەوە زەقتر دەبنەوە و سـنوورەکان پڕڕەنگتر دەردەکەون. لەبەر ئەوەی کەسایەتیی ئاسـۆ لە پێگەی سـووژەیەکی ناجێگیر و ناتەواوە، لە نێوان قەڵشـتی هێزە دژ و ڕکابەرەکانـدا دەرفەتی ئەوە دروســـت دەبێت تـا پێگەیەکی جیـاواز دیـاری بکات یا بۆی دیاری بکرێت. لەم نێوانەدا ئەرکی دالی بۆش دەردەکەوێت کە چۆن دەتوانێت ســـووژە بەرەو ئەو لایەنەی گوتار مەبەسـتیەتی ڕابکێشێت. واتە لێرە بە دواوە ئاسۆ بە سادەیی هەست بەو جیاوازییانەی لە نێو گوتارەکاندا بەرانبەر بە بابەتە جیاجیاکانی پێوەندیدار بە مرۆڤەوە دەستەبەریان کردووە، دەکات. ئەو بە سەرنجدان بە ڕابردوو و ئەو پێشینەیە ژیانی لە سەری دامەزراوە، دەست دەداتە هەڵبژاردنی یەک لەم گوتارانە. لە درێژەدا، ئەو گوتارەی زۆرتر وەڵامی داخوازییەکانی ئەو دەداتەوە و خواسـتی ئەو جێبەجێ دەکات ـبە تێگەیشتنی خۆی ـ بە بژاردەیەکی باشتر بۆ هەڵبژاردن لە بەرچاو دەگیردرێت.

ناهاوچەشـــنییەکانی نێو کۆمەڵگا، جۆرێک پەرشوبڵاوی و پەرتەوازەیی لە زەین و دەروونی سووژەکاندا دروست کردووە و ئەم هەلومەرجە ئاسۆ هان دەدات یەکیەتییەک وە دەست بخات تا لەو دۆخە بێدەرەنجامە دەربازی ببێت. ئەم یەکێتی و یەکپارچەییە، وەهمێکی پێکهاتووە لە ئـاکامی لەتەنیشـــت یەک دانـانی ئەو دالانە کە گوتـاری ئـایینی توانیویەتی بە هـاوتەریـبکردن و پێناسەکردنی هاوبەشییەک لە نێوانیاندا، یەکیان بخات. بۆ ئەوەی دالێک بتوانێت وەکوو شوناسی گشـتی و یەکپارچە نوێنەرایەتیی ئەوانی تر بکات، پێوەندییەکانی دەسـتەڵات لە گوتاری ئایینیدا هەوڵ دەدات دالێک بۆ ئەم مەبەسـتە دەسـتەبەر بکات. سـەرەتا ئەم دالە لە ناوەرۆکی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە تا مەدلوولێکی دیاریکراوی نەبێت. قەڵشتی و بۆشایی لە دالی بێمەدلوولدا بۆخۆی بە بـابەتێکی ئەرێنی و چێکەر ئەژمـار دەکرێـت، چونکوو بێ وەهـا قەڵشـــتێـک، پێوەنـدییە هێژێمۆنیکەکان و چەمکی زاڵێتی پێک نایێت. ئیمان، شەهیدی خودا، فڕین، ئاغای حۆرییەکان،

دوو باڵی نوور، شـەیتان، فریشـتەکان، مەئموورانی خودا لە سـەر زەوی، داوای بینینی ئازیزان لە بەهەشتدا، نووری سەر سەر و چەندین نموونەی تر، ئەو دالانەن کە مەدلوولێکی بەرهەستیان نییە و بە مەدلوولێکی تایبەت سـنووردار ناکرێن. ئەم دالانە، ئاماژەیەکی بەربڵاوتر لە خۆ دەگرن؛ واتە لەم دۆخەدا هەم پێویسـتن و هەم ڕێتێنەچوون. گوتـاری ئـایینی بە دابینکردنی واتـایەکی دیاریکراوی پێکهاتەمەند و سـوارکردنی بەو وشـانەدا، ئاسـۆی دەست لە دنیا داشـۆراوی هیوابڕاو هان دەدات ئەم ڕێچکەیە تاقی بکاتەوە؛ بەڵکوو جیهانێکی تر و واتایەکی تر، بە حاشـاکردن لە هەموو بابەتێکی زەمینی، بۆی بخولقێت و شـوناس و پێناسـەیەکی تر بۆخۆی دەسـتەبەر بکات. «من دەفڕم و دەسـت بە ئیمانەکەمەوە دەگرم و دەڕۆم بۆ تاقی ئاسـمان، من لە فیردەوس چاوەڕێم دەکەن چ کارم بە بۆگەنی دنیایە؟» (جەماڵ غەریب، ۲۰۱٦: ۲۷۸-۲۷۷).

گوتاری ئایینی کە ئاسـۆی بەرەو لای خۆی ڕاکێشـاوە، بە ئاگاداربوون لە دۆخ و خواسـتی ئەو، هەوڵ دەدات لە ئاراسـتەی مەبەسـتی لەپێش دیاریکراوی خۆی، بەرەو ئاقارێک ڕێنوێنیی بکات کە بەرهەستێتیی پێوە دیار نییە و بەو جومگەبەندییەی لە واتاکان و دەستەوشەکاندا دەیکات و هەروەها بە پڕکردنەوەی خەیاڵینی ئەو کەلێنانەی کۆمەڵگا بە هەموو لایەنەکانیەوە نەیتوانیوە پڕی بکاتەوە، هیوایەکی نوێی بۆ بە دیاری بهێنێت. «لە ڕیازەتی ڕووحیدا زۆر خێرا بەرەو پێش چووم، ئەوان جەستەت بچووک دەکەنەوە و ڕووحت گەورە [...] من بوومە خاوەن شتێک کە ژیان نەیدامێ، کە کەسوکار نەیدامێ [...] من بوومە خاوەنی خودا، بوومە خاوەنی خودای خۆم، بوومە خاوەنی خودا و ئیمانی خۆم [...] من بەهەشـتم بەدەسـت هێناوە، من بوومەتە ئاغای حۆرییەکان» (هەمان: ۲۳۲-۲۳۱).

ئەگەرچی ئاسۆ لە نێو قەڵشتی پێکهاتەدا شوناسێکی نوێ دەست دەخات، واتە پاش پێکهاتنی قەیران و دژگەریی گوتارەکان شوناسی دەگۆڕێت، بەڵام لە نێو گوتاری ئایینیدا زۆر جار ناچالاکە و تەنیا ئەو شـوێنانە دەگرێتەوە کە پێشـتر دیاری کراوە. گوتاری ئایینی کە بە گوتاری زاڵ دێتە ئەژمار، پێشـتر شـوێنی سـووژەی خۆی دیاری کردووە. ئەم گوتارە بە هەڵسـازانی ئەو دالانەی مەدلوولێکی بەرهەسـتیان نییە، قەڵشـتە واتاییەکانی نێو ئەم گوتارە پڕ دەکاتەوە و بەم شـێوە دالی بۆش، سـووژە بە گوتارەوە دەدوورێنێت. ئەو جیاوازی و ناهاوچەشـنییانەی لە نێوان بەردەنگەکانی ئەم گوتارە و چەمکە جیاجیاکانیدا هەیە، ئەگەرچی بەتەواوی ناسڕێتەوە، لە ڕێگەی دالی بۆشەوە یەکجار کاڵ دەبێتەوە و لە ئاکامدا چەشـنێک یەکپارچەیی بە سـووژە و پاژە پێکهێنەرەکانی گوتار دەبەخشێت. ئەم هاوتەریبییە سەرەتا لە پێناسەکردن و جومگەبەندیی چەمک و وشەگەلێک وەکوو تـاوان، مەرگ، ژیـان، ژن، بەهەشـت و هەندێ چەمکی لەمشـێوە پێک دێت و پاش

جێگیربوونی ئەم واتایانە، پانتایی هەرێمی دالە بۆشەکانیش، وەکوو شەهیدی خودا، ئاغای حۆرییەکان، شەیتان، فریشتەکان، ئیمان و ئەم چەشنە دالانە بۆشتر و بەرینتر دەبنەوە.

لەدوا ڕۆژەکانی ڕیازەتی ڕۆحیدا، جەنابی موفتی بە هەموو بەرەکەت و هەیبەتی خۆیەوە، هاتە لامان و گفتوگۆی لەگەڵ کردین، لەسەر بەردێک بەرانبەرمان وەستا و وتەی بۆ داین و پرسیی: ئێوە چین؟ ئێمە بە هەموو دەنگمانەوە گوتمان: مێروولەین. موفتی پرسییەوە بەرەو کوێ ملتان ناوە؟ بەرەو کێوی ئیمان. ڕووی لە من کرد و پرسیی: هەموو ژنانی دنیا چیی تۆن؟ من گوتم: خوشکمن. ئەو پرسیی: زەماوەند و ژنهێنانت لە کوێیە؟ من گوتم: ئەو دنیا لەگەڵ حۆرییەکانم. گوڵاو و عەنبەریان بەسەردا کردم، وەک زاوا بم پیرۆزباییان لێکردم (هەمان: ٢٣٢).

ئاسۆ لە نێو گوتاری ئایینیدا زۆر جار بیر لە ڕابردوو و کەسوکاری دەکاتەوە و هەست بە چەشنێک پەشیمانی و دوودڵی دەکات. ئەگەرچی گوتاری ئایینی بەو زنجیرە هاوتەریبییەی لە واتاکان و سیستمی دەلالەتیی خۆیدا بەدیی هێناوە، لە بەرانبەر هەر چەشنە لادانێک ڕێگری دەکات؛ بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ کاتێک، تەنانەت لە گوتارێکی بەهێز و زاڵیشدا، واتا بە تەواوەتی جێگیر نابێت، پێی وایە دەرفەتێک بۆ لادان لەم هەلومەرجە و چوون بە ئاقارێکی تردا هەیە. تەنانەت لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا کاتێ باوەش بۆ منداڵەکەی دەکاتەوە، تا ئاستێکی زۆر جێگەی ئەو واتایانەی تێیدا پەروەردە کراوە و لە سەری ڕاهاتووە، لەق دەبێت و بەرەو ئەو ئاراستەیە ڕادەکێشرێت کە لەو ڕێچکەیە لابدات و ئاراستەی خۆی بگۆڕێت.

**٥- ئەنجام**

ڕۆمانی *کەوتنی ئاسمانەکان*، دەپەرژێتە سەر چەندین مژاری تایبەت و کەمتر باسکراو، کە یەکێ لەم بابەتانە پێکهاتنی گوتارێکە کە دالی بۆش و ئەو چەمکانەی لاکلائۆ پێناسەی دەکات، تێیدا دەورێکی بەرچاویان هەیە. لەم توێژینەوەیەدا بە خوێندنەوەیەکی لاکلائۆیانە، لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم گوتارە و چەمکگەلێک وەکوو دالی بۆش، جومگەبەندی، سووژە، دژگەری و هێژێمۆنی لێکدراونەتەوە. لەم دەقەدا سووژەکان دەگۆڕن و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان (بەتایبەت ئاسۆ) تا کۆتایی بە یەک شێوە نامێنێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا چۆنیەتی گۆڕان و پێکهاتنی سووژە لە نێو قەڵشتی گوتارەکاندا لە ڕوانگەی لاکلائۆوە تاوتوێ کراوە و شێوەی سەقامگرتن و جێگیر بوونی واتا لە بازنەی گوتارەکان و دەوری گوتاری زاڵ لە پێناسە کردنی سووژە و ئەو شوێنگەیەی بۆ سووژە دەستەبەری دەکات لێک دراونەتەوە. ئەوەی گوتاری زاڵی نێو کۆمەڵگا بەلاوەی ناوە، کاتێ دژگەری دێتە ئاراوە، دەبێتە هەڕەشە لە سەر ئەو گوتارە زاڵە و جێگیربوونی واتا لاواز دەکات. گوتاری دژبەر، کە لەم ڕۆمانەدا گوتاری ئایینی دەورێکی

بەرچاوی هەیە، پێگەی جیاجیا بۆ سووژە دەستەبەر دەکات و دەبێتە هۆی پێکهاتنی دژایەتی؛ لە درێژەی ئەم دۆخەدا سووژە، واتە ئاسۆ، کە تووشی قەیران بووە، بەرەو لای ئەم گوتارە ڕادەکێشرێت.

کاتێ ئاسۆ لەو بێئاکامی و شڵەژاوییە بەرەو ناو گوتاری ئایینی ڕادەکێشرێت، شوناسێکی نوێی بۆ دەستەبەر دەبێت و چەشنێک یەکپارچەیی پێدەبەخشێت. بەڵام لەبەر ئەوەی پێکهاتە هیچ کاتێک بە شێوەی تەواو هەڵناسازرێت، هەندێ چالاکی و ئازادی لە کردەوە و هەڵسوکەوتی ئەودا دەبینرێت و دەرفەتێک بۆ پاشگەزبوونەوە و لادان دەڕەخسێت. بەپێی ئەو پێناسانەی بۆ دالی بۆش خراونەتە بەردەست، لە ئاراستەی پێکهێنانی گوتاری ئایینیدا زۆر وشەی پێوەندیدار بوونیان هەیە کە دەوری دالی بۆش دەگێڕن؛ ئەم دالانە بریتین لە ئیمان، شەهیدی خودا، ئاغای حۆرییەکان، دوو باڵی نوور، شەیتان، فریشتەکان، مەئموورانی خودا لە سەر زەوی، داوای بینینی ئازیزان لە بەهەشتدا، نووری سەر سەر؛ دەوری ئەم دالانە کە مەدلوولێکی بەرهەستیان نییە، گرێدانی ئاسۆ بەو گوتارەوەیە کە بە جومگەبەندیی هێمانە جیاجیاکان، واتا و سنووری ڕێژەیی خۆی دەستەبەر دەکات و بۆ ڕێکخستنی ئەو سیستمە پێویستە.

## سەرچاوەکان

### کوردی


ئەحمەدزادە، هاشم (۲۰۱٦). «خوێندنەوەیەکی ناوەرۆکییانەی *کەوتنی ئاسمانەکان*». ماڵپەڕی ئەندێشە. https://www.andesha.org/?p=109 (ڕێککەوتی دەستپێڕاگەیشتن، ۲۰۲۲/۱/۲۰).

جەماڵ غەریب، جەبار (۲۰۱٦). *کەوتنی ئاسمانەکان*. سلێمانی: ئەندێشە.

چیامان. «هەڵەکانی جەبار جەماڵ غەریب لە *کەوتنی ئاسمانەکان* (لە دیدی خوێنەرێك)». https://www.youtube.com/watch?v=Yxq48RdFj8g (ڕێککەوتی دەستپێڕاگەیشتن، ۲۰۲۲/۱/۲۰).

ڕەسوول ئەبابەکر، خدر (۲۰۲۲). *جەنگ و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە (توێژینەوەیەکی شیکاری ناوەرۆکە، بۆ ڕۆمانی کەوتنی ئاسمانەکان و سەردەمی گریانی بەڵقیس)ی جەبار جەماڵ غەریب*. هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین.

سەجادی، بەختیار. (۲۰۲۲). *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی: ئینگلیزی-کوردی-فارسی*. هەولێر: ماڵی وەفایی.

مەجید، هەژار. ماڵپەڕی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە.

/https://www.facebook.com/Andeshalib/videos/1247610041946654 (ڕێککەوتی دەستپێڕاگەیشتن، ٢٠٢٢/١/٢٠).

**فارسی**

احمدی‌راد، علیرضا و بختیار سجادی (١٣٩٣). «خوانش لاکلائویی از ادی به شهر شعر می‌رود اثر ریچارد فورمن». مجله‌ی *نقد زبان و ادبیات خارجی*. دورهٔ ٧، ش. ١، صص. ٩٧–٨١.

آسابرگر، آرتور (١٣٩٨). *تحلیل گفتمان کاربردی: فرهنگ عامه، رسانه‌ها و زندگی روزمره*. ترجمهٔ حسین پاینده. چاپ دوم، تهران: مروارید.

تاجیک، محمدرضا و پریسا شکورزاده (١٣٩٧). «تأملی بر امکان سوژه‌ی سیاسی با توجه به نظریه‌ی ارنستو لاکلائو». *رهیافت‌های سیاسی و بین‌المللی*. صص. ٧٣–٥٢.

تیلور، استفانی (١٣٩٧). *تحلیل گفتمان* چیست؟ ترجمهٔ عرفان رجبی و پدرام منیعی. تهران: نویسه پارسی.

حاجلی، علی (١٣٩٤). «فوکو، گفتمان، تحلیل گفتمان». *فصلنامهٔ انجمن ایرانی مطالعات فرهنگی و ارتباطات*. ش. ٤٢، صص. ٨٧–٦٣.

رجبی، عرفان و جلال سخنور (١٣٩٢). «جامعهٔ ناممکن و بازگشت امر سیاسی در رمان بهشت (١٩٩٧) اثر تونی موریسون». *نقد زبان و ادبیات خارجی*. دورهٔ ٦، ش. ١.

صابرپور، زینب و محمدعلی غلامی‌نژاد (١٣٨٨). «روابط قدرت در رمان *شازده احتجاب*». *پژوهش زبان و ادبیات فارسی*. ش. ١٢، صص. ١٢٤ـ٩٩.

فال اسیری، آرش (١٣٩٤). «دموکراسی رادیکال و فراموشی ریشه‌ها». سایت *نقد اقتصاد سیاسی*. *https://pecritique.com/2015/06/27* (تاریخ دسترسی،٢٠ دی ١٤٠٠).

فرکلاف، نورمن (١٣٧٩). *تحلیل انتقادی گفتمان*، ترجمهٔ فاطمه شایسته‌پیران و دیگران. تهران: مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه‌ها.

کرمانی، محسن و ابوالفضل دلاوری (١٣٩٥). «از ایدئولوژی تا گفتمان: سوژه، قدرت و حقیقت». *علوم اجتماعی*، ش. ٧٤، صص. ١٤٦–١٠٩.

لاکلائو، ارنستو (١٤٠٠). *پوپولیسم: دربارهٔ عقل پوپولیستی*. ترجمهٔ مراد فرهادپور و جواد گنجی. تهران: مرکز.

لاکلائو، ارنستو و دیگران (۱۳۹۷). *تحلیل گفتمان سیاسی*. گردآوری و ترجمۀ امیر رضاییپناه و سمیه شوکتیمقرب. چاپ دوم، تهران: تیسا.

لاکلائو، ارنستو و شانتال موفه (۱۴۰۰). *هژمونی و استراتژیهای سوسیالیستی: به سوی سیاست دموکراتیک رادیکال*. ترجمۀ محمد رضایی. چاپ پنجم، تهران: ثالث.

میلز، سارا (۱۳۹۲). *گفتمان*. ترجمۀ فتاح محمدی. چاپ سوم، تهران: هزارۀ سوم.

یورگنسن، ماریان و لوئیز فیلیپس (۱۳۸۹). *نظریه و روش در تحلیل گفتمان*. ترجمۀ هادی جلیلی. تهران: نی.

**English**

Barrett, M. (1991) ‘ideology, politics, hegemony: from Gramsci to laclau and Mouffe’, in M. barret: *The politics of Truth. From marx to foucalult*. Cambridege: Polity Press.

Klages, Mary (2011). *Literay Theory: A Guide for the Perplexed*. London: Continuum.

Laclau, E. (1996). *Emancipation(s)*, London: Verso.

Laclau, E. (2005). *On Populist Reason*, London: Verso.